چاپی ئەزموونی

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# ٨ کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان

## پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

## کتێبی قوتابی


ئامادەکردنی

عبيد خضر فتح الله | عبدالله رشيد حسن | جمال عمر عبدالله

د.نبيل فتحي حسين | عـمـر علي شريف | يوسف عثمان حمـد

کاوە عـمـر حـمـد



بەڕێوەبەرایەتیــی گشــتیی پرۆگــرام و چاپەمەنییەکان بە سوپاســەوە تێبینی و پێشــنیارەکانتان دەربارەی ئەم کتێبــە لە ڕێگــەی ئیمێڵــی: bgprogram@moe.gov.krd وەردەگرێت

وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا بە خوێندنی ئەم پرۆگرامە لە چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان بەشێوەی ئەزموونی بەگوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٣٤٨) لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٠) لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ - ٢٠٢٠

گشت مافەکانی ئەم کتێبە بۆ وەزارەتی پەروەردە پارێزراوە

سەرپەرشتیاری زانستی چاپ: عبدالله رشید حسن
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عثمان پیرداود کواز - ئـــاری محسن احمـد
دیزاینی بەرگ: رەوەنـــد سـعید صابر
دیزاینی ناوەوە: ئـــاری محسن احمـد
ژمارەی سپاردن:
تیراژ:
چاپ: چاپخانەی

چاپی یەکەم ٢٠١٩ زاینی ١٤٤٠ کۆچی ٢٧١٩ کوردی


Turkey
Syria
Lebanon
Iraq
Jordan
کوردستان
نیشتیمانی مرۆڤایەتی

## هۆكارەكانی خوێندنی پرۆگرامی كارامەیی و بەها كۆمەڵایەتییەكان لە قۆناغی بنەڕەتی

لە كاتێكدا كە ئێمەی كوردستانی بە تامەزرۆیەوە باسی گرنگی كارامەیی و بەهاكان لە بونیادنانی داهاتووی گەلەكەمان و كۆمەڵگەیەكی تەندروست و كەسایەتی منداڵان دەكەین، لە سەردەمێكی پڕ لە ئاڵوگۆڕی خێرا و سەرسوڕهێنەردا دەژین كە ڕەنگە تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە بە بێ گەشەپێدانی پەروەردە و فێركردن و گۆڕانكاریكردن لە پرۆگرامەكانی خوێندندا ئەستەم بێت، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان بڕیاریدا لە پرۆگرامەكانی خوێندن، بۆ قۆناغی بنەڕەتی بابەتێكی نوێ زیاد بكات، لە هۆكارە بەرچاوەكانی ئامادەكردن و خوێندنی پرۆگرامی كارامەیی و بەها كۆمەڵایەتییەكان ئەمانەی خوارەوەن:

•داواكاری كۆمەڵگەی كوردستان و پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان و ڕاپۆرتەكانی دەزگەكانی ڕاگەیاندن بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەكانی خوێندن بە مەبەستی گونجاندن و دەوڵەمەندكردنی بە بنەماكانی مرۆڤایەتی.

•جێبەجێكردنی دیدگای هەرێمی كوردستان، لە پێناو تواناداركردنی هاووڵاتیان بۆ بەدیهێنانی خواستەكانیان و پاڵپشت بێت بە بەها و چەمكە مرۆڤایەتی و دیموكراتییەكان.


•یەكێك لە ئامانجە پەروەردەییەكانی وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان، بەهاكانە. ئەو بەهایانەی دەبێت ببێتە بەشێك لە ڕەفتار و ڕەوشتی نەوەكانی داهاتوو، واتە دارشتنی كەسایەتی نەوەی دواڕۆژ، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی پەروەردە بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكان و هاوبەشەكانی لە ڕێگەی ئەنجامدانی كۆڕ و كۆبوونەوە و سەكۆیكار، بڕیاردرا پێداچوونەوە بە سەرجەم پرۆگرامەكانی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتی بكات.

بە لە بەرچاوگرتنی دەستپێشخەریی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ منداڵان (یونیسێف) بە ناوی ((فێربوونی كارامەییەكانی ژیان و هاووڵاتیبوون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفەریقیا)).

كاوە عمر حمد

بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەكان

تەوەرە سەرەکییەکانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەروەک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لە قۆناغی بنەڕەتی چوار بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێت.



# پێشەکی

کاتێک پرۆگرامەکان کەرەستەی گۆڕانکارییەکانی پەروەردە و ئامانجی سەرخستنی پەروەردەیەکی دروستە، ئەوا پرۆگرامەکان لە خەسڵەتی تایبەتی و گشتییدا زانستێکە ڕێسا وچەمکی خۆی هەیە.

هەوڵدرا بە پلانێکی تۆکمە هەموو گۆڕانکارییەکانی پرۆگرامەکان لە بەرژەوەندی تاکێکی تەندروست بێت هاوتەریب لەگەڵ پرۆسەی پێشکەوتنی زانستیی و کۆمەڵایەتی ئابووری بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی کولتوور و ڕۆشنبیری لە ژێر ڕەهەندەکانی نیشتیمان و ئاشتی جیهانی.

لە سەرەتادا ئەم هەوڵە فێربوونە دەربارەی پەیڕەوکردنی کارامەیی و بەها و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان. هەوڵدرا شێوازە کلاسیکیەکە تێپەڕێنین زیاتر بوار بە خودی منداڵ بدرێت لە ڕێگەی تێگەیشتن و وەرگرتن و جێبەجێکردنی کارامەیی و بەها و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەوان خۆیان لە ڕەفتاریاندا پێشەنگی گۆڕانکارییەکان بن بەهۆی تاقیکردنەوەی چالاکییەکان و وروژاندنی پرسیاری کۆزانیاری و پڕۆژە هاوبەشەی نێوان خۆیان. لە ڕێگەی بابەتەکانی ئەم کتێبەوە دیدی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ ئاینده و سەرکردایەتی گۆڕانکارییەکان بکەن.

مامۆستای بەڕێز: ئەم پرۆگرامە تەنیا بۆ تاقیکردنەوە نییە، ئامانجی فێربوون لەم پرۆگرامە ئەوەیە قوتابیان کاراکتەری سەرەکی بابەتەکانن لە ڕێگەی چالاکی و بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن و ڕاهێنانەوە، با خۆیان سەرپشک بن لە چۆنیەتی

ئەنجامدانـی. کاری بەڕێزتـان بەشـداریکردنە لـە ڕێگـەی سەرپەرشـتیکردن و دابەشـکردنی ڕۆڵـە سـەرەکییەکان لــە کات و چالاکییەکانــدا.

دایـک و باوکـی بەڕێـز: ئـەم پرۆگرامـە ڕۆڵـی ئێـوە کارا دەکات چـۆن ئێـوە بەشـێکن لـە بەرەوپێشبردنی کارامەیـی و بەهـاکان بەشداربن لـە چالاکـی و وەڵامدانـەوەی ئەو پرسیارە بوێرانـەی کـە منداڵەکانتـان لەگەڵتـان هاوبـەش دەبـن.

قوتابیانـی بەڕێـز: ئەمـە هەوڵێکـە بـۆ چالاکبوونـی توانـاکان و کارامەییـە خودییەکان، کـە خـۆت بەشـێک بیـت لـە گۆڕانکارییـەکان بـە گیانێکـی سـەرکردە تێڕوانینـەکان بـۆ ئاینـدە بەرنامەڕێـژ بکەیـت، سـەرجەم چالاکییـەکان کاری ڕۆژانــەی تۆیـە کـە لــەم پرۆگرامـە خراوەتـە ڕوو بۆیـە ئاراسـتەی هەمـوو تێگەیشـتنەکان لـە چالاکییـەکان لـە بیرکردنـەوەی تۆدایـە تەنهـا کاری ئێمـە ڕێکخسـتن بـووە بـە پێـی کات و شـوێنی پێگەیشـتنی هـزر و بیـری تـۆی بەڕێـز.

بێگومـان لـە کاتـی جێبەجێکردنـی ئـەم پرۆگرامـەدا ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـک گرفت دەبینـەوە، بـەڵام بـە هـاوکاری هەمـوو لایـەک هەوڵدەدرێـت هەمـوو شـتێک لـە بەرژەوەنـدی منـداڵ بێـت و هەرخـۆی چەقـی فێربوونـی گۆڕانکارییـەکان بێـت، چونکـە ئـەم پرۆگرامـە بـە پێـی پێوەرەکانـی بەڵگەنامـەی پرۆگرامـەوە ئەنجامـدراوە.

ئامادەکاران

# ناوەڕۆک

## بەشی یەکەم هاوڵاتیبوون (هەڵبژاردن)


یەکەی یەکەم: جۆرەکانی هەڵبژاردن ........ ١٢
یەکەی دووەم: قۆناغەکانی هەڵبژاردن ........ ١٦
یەکەی سێیەم: مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن ........ ٢٠
یەکەی چوارەم: مافی دەنگدان ........ ٢٤


## بەشی دووەم مافەکان (حکومڕانی فەرمانڕەوایی)


یەکەی یەکەم: حوکمڕانی (فەرمانڕەوایی) باش ........ ٣٠
یەکەی دووەم: سەروەریی یاسا ........ ٣٤
یەکەی سێیەم: ڕوونکاری (شەفافیەت) ........ ٣٨
یەکەی چوارەم: ئاسایش و ئارامی ........ ٤٢

## بەشی سێیەم

كارامەییەكان (كارامەییەكانی هەڵچوون)


یەكەی یەكەم: بەڕێوەبردنی شڵەژان (توتر) ..................... ٤٨

یەكەی دووەم: تووڕەبوون ..................... ٥٢

یەكەی سێیەم: نیشانەكانی توڕەبوون ..................... ٥٦

یەكەی چوارەم: پێكهاتنەوە (التصالح) ..................... ٦٠


## بەشی چوارەم

بەهاكان (دیموكراسی)


یەكەی یەكەم: پەیوەندی نێوان دیموكراسی و هاووڵاتیبوون ..................... ٦٦

یەكەی دووەم: جۆرەكانی دیموكراسییەت ..................... ٧٠

یەكەی سێیەم: تایبەتمەندییەكانی دیموكراسی ..................... ٧٤

یەكەی چوارەم: جێبەجێكردنی دیموكراسی ..................... ٧٨

بەشی یەکەم
١

# هەڵبژاردن


| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | جۆرەکانی هەڵبژاردن |
| یەکەی دووەم | قۆناغەکانی هەڵبژاردن |
| یەکەی سێیەم | مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن |
| یەکەی چوارەم | مافی دەنگدان |


ماوەی جێبەجێکردن

٤ ژمارەی هەفتە

٨ ژمارەی بەشەوانە



## ئامانجی بەش

- زانیاری دەربارەی مافی دەنگدان و بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا بزانێت.
- زانینی مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن.
- فێری کاری بەگروپ و ڕێزگرتنی یاسا و بنەماکانی دەبێت.
- دووربێت لە توندوتیژی و دەمارگیریی.
- مافە مەدەنی و بەها دیموکراسییەکان لە کۆمەڵگەدا گەشە پێبدات.
- گرنگیی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بدات.

## زاراوەکان


- هەڵبژاردن.
- پاڵێوراو.
- بێ دەنگی ڕاگەیاندن
- بایکۆت.
- نەخوێندەوار.
- ئۆپۆزیسیۆن.

# جۆرەکانی هەڵبژاردن




## بیرۆکەی سەرەکی

هەڵبژاردن، بیرۆکەیەکی دێرینە لەسەردەمی یۆنانی کۆندا پەیڕەو کراوە. لە یۆناندا سەرکردە و کەسایەتییە دیارەکان، بۆ وەرگرتنی پلە و پۆستە باڵاکان و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەستنیشان کراون. لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامیدا، لە ڕێگەی ڕاوێژەوە خەلیفەی موسڵمانانیان هەڵدەبژارد. دواتر دەوڵەتان بیرۆکەی هەڵبژاردنیان وەک بنەمایەک لە بنەماکانی دەستوورەکەیان دانا، هەڵبژاردن بە یەکێک لە گرنگترین پێشکەوتنەکانی سیستەمی سیاسی نوێخواز دادەنرێت.
شارەزایان و پسپۆرانی ئەم بوارە، چەند جۆرێک هەڵبژاردن لەیەکتر جیادەکەنەوە، لە خوارەوە چەند جۆرێک بە کورتی دەستنیشان دەکەین:




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

هەر وڵاتێک بە گوێرەی بارودۆخی ژینگەی سیاسی و هۆشیاری خەڵکەکەی پەیڕەوی جۆرێک لە جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردن دەکات، بەڵام هەڵبژاردنی کەسایەتی بەربڵاوترین جۆرەکانی هەڵبژاردنە لە جیهان. لەبەرچی؟



## بەهێزکردنی زانیاری

### ١- سیستەمی هەڵبژاردنی کەسایەتی:

مەبەست لە هەڵبژاردنی کەسی، ئەو سیستەمەیە کە دەنگدەران لە بازنەیەکی هەڵبژاردنی دیاریکراو، هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی کەسێک کە نوێنەرایەتییان بکات، سیستەمی هەڵبژاردنی کەسی لەگەڵ سیستەمی زۆرینە جێبەجێدەکرێت، کە ئەو پاڵێوراوەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێت دەیباتەوە.

### ٢- سیستەمی هەڵبژاردنی لیست:

مەبەست لە هەڵبژاردنی لیست، ئەو سیستەمەیە کە دەنگدەران چەند کەسێک لە چوارچێوەی لیستێک هەڵدەبژێرن، تا ببێتە نوێنەریان.

#### أ- لیستی داخراو:

لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لە هەڵبژاردنی لیستەکان، دەنگدەر هەڵوێستی خۆی بە شێوەیەکی گشتیی دیاری دەکات، جا چ بە هەڵبژاردنی تێکڕای لیستەکە یان بە پێچەوانەوە، لە کاتی ڕازیبوون بە بەڵێ دەنگ دەدات، بە پێچەوانەشەوە بە نەخێر.

#### ب- لیستی کراوە:

دەنگدەر بە پێی بۆچوونی کەسی خۆی، لە نێو پاڵێوراوانی لیستەکان بەبێ پابەند بوون بە لیستێکی دیاریکراوەوە چەند پاڵێوراوێک هەڵدەبژێرێت، کە مافی هەڵبژاردنیانی هەیە.

#### ج- لیستی نیمچە کراوە:

لە لیستی نیمچە کراوەدا دەبێت دەنگدەر یەکەمجار بە تەوزیمی (الزامي) دەنگ بە لیستەکە بدات، دواتر ئارەزوومەندانە دەتوانێت دەنگ بە یەکێک لە کاندیدەکان بدات، بەمەش دەنگدەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لەنوێ ڕیزکردنەوەی کاندیدەکانی هەر لیستێک بە گوێرەی ئەو دەنگانەی هێناویانە.

**ئایا دەزانی**

سیستەمی هەڵبژاردنی کەسایەتی وا دەکات کێبڕکێ لە نێوان هێزە سیاسی و پارتەکان و ئەوانەی نوێنەرایەتیان دەکەن زۆر بەهێز بکات.



## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە


لــە دوای ڕاپەڕینــی بەهاری ســاڵی ١٩٩١ی گەلــی کوردســتان دژی ڕژێمی بەعســی دیکتاتۆر، دانیشــتوانی هەرێمــی کوردســتان لــە ١٩-٥-١٩٩٢ دوای دەیان ساڵ لە حوکمی تاکڕەویی، خەڵکی کوردستان توانیــان بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیان دەنــگ بە نوێنەرانیان بدەن، ئــەم هەڵبژاردنە بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەر و دیموکراســیانە لە لایــەن چاودێرە بیانیەکانەوە هەژمارکرا.

ئایــا هەڵبژاردنەکە بە شــێوەی کەســایەتی یاخود بە شــێوەی لیســت بــوو؟ بە هاوکاریی مامۆســتای بابەت وەڵامــی ئەم پرســیارە بدەرەوە.



## خۆم تاقیدەکەمەوە

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، هەرێمی کوردستان جــۆری هەڵبژاردنەکــەی لــە شــێوەی لیســتی داخــراو بــــوو، بــەڵام هــــەڵبژاردنی ســاڵی ٢٠١٨ لە شــێوەی لیســتی نیمچە کــراوە بوو، بە ســوود وەرگرتــن لە ســەرچاوەی زانیــاری و هاوکاریی کەســێک لە خێزانەکــەت لایەنە ئەرێنــی و نەرێنی هەردوو جــۆری هەڵبژاردنەکە بنووســە، بەڕای تۆ کام جۆریــان باشــترە؟ لە بەرچی؟





## گەڕان

ئایــا هەڵبــژاردن ئەرکە یــان مافێکە لــە مافەکانــی هاووڵاتی؟ بــە ســوود وەرگرتن لــە ســەرچاوەکانی زانیاری، شــەش دێر لەســەر ئەم بابەتە بنووســە.

## دەرئەنجام


لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم، چەند جۆری هەڵبژاردن هەیە؟




هەڵبژاردنی لیست



هەڵبژاردنی کەسایەتی



هەڵبژاردنی نیمچەکراوە




هەڵبژاردنی لیستی داخراو

# قۆناغەکانی هەڵبژاردن




## بیرۆکەی سەرەکی

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی دیموکراسی جیهانی هاوچەرخ، بریتییە لەپرۆسەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن. هەڵبژاردن بریتییە لە ڕێگە خۆشکردن بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگە، لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی و سەرەتاییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی، خاوەن دەزگە و ڕێکخستنێکی یاسایی.

چەند هەنگاوێکی گرنگ و پێویست هەیە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕێکدەخات یان بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەریی لەسەری هەیە، لەو وڵاتانەی کە مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ حوکمی ستەمکاریدا هەیە، تەنانەت پاش ئەوەی ڕزگاریشیان دەبێت لە حوکمی ستەمکاری، هێشتا پرۆسەی تەواو کاملبوونی چەمکی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی تەمومژاوی دەمێنێتەوە

## هەنگاوەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن بەر لە دەنگدان بە (٤٨) کاتژمێر دەبێت بانگەشەی هەڵبژاردن ڕابگیرێت، ئەو ماوەیە پێی دەووترێت (بێ دەنگی ڕاگەیاندن) ئەوە ماوەیە بۆچی دانراوە؟

## بەهێزکردنی زانیاری



هەنگاوەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن:

١- تۆماری دەنگدەران: ئەم هەنگاوە بە یەکەم هەنگاوی پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنرێت، بە گوێرەی ڕێنماییەکان بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن ناوی دەنگدەران تۆمار دەکرێت، دوو جۆرە تۆمارکردن هەیە:

**أ- تۆماری تەوزیمی (الزامي):** دەنگدەر لە ڕێگەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەوە یا دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ یان وەزارەتی پلاندانان، ناوی تۆمار دەکرێت.

**ب- تۆماری ئارەزوومەندانە:** لەم جۆرە تۆمارکردنە دەنگدەر بە ئارەزووی خۆی بە بێ هیچ گوشارێک ناوی خۆی تۆمار دەکات.

٢- تۆمارکردنی پاڵێوراوان: هاووڵاتیانی ئارەزوومەند بە گوێرەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە ماوەیەکی دیاریکراودا مافی ئەوەیان هەیە ناوی خۆیان تۆمار بکەن بۆ ئەوەی ببن بە نوێنەری خەڵک لە دەزگە هەڵبژێردراوەکان.

٣- بانگەشە: پاڵێوراوان دوای پەسندکردنی ناوەکانیان، مافیان پێ دەدرێت لە کاتێکی دیاریکراو خۆیان بە دەنگدەران بناسێنن.

٤- دەنگدان: لە کاتی دیاریکراو بۆ دەنگدان، دەنگدەران ئارەزوومەندانە مافی دەنگدانیان دەبێت.

٥- جیاکردنەوەی دەنگەکان: ڕاستەوخۆ دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان، لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن بە ئامادەبوونی خودی پاڵێوراوان یاخود نوێنەرەکانیان، دەست دەکرێت بە جیاکردنەوەی دەنگەکان

٦- ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان: دوای کۆتایی هاتنی جیاکردنەوەی دەنگەکان، ناوی پاڵێوراوە سەرکەوتووەکان ڕادەگەیندرێت.

٧- تانە لێدان: دوای ڕاگەیاندنی ناوی پاڵێوراوە سەرکەوتووەکان، هەموو پاڵێوراوەکان مافی پەلپگرتنیان هەیە لە ئەنجامی ڕاگەیاندراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

**ئایا دەزانی**

هەر قەوارەیەکی سیاسی لە ماوەی (بێدەنگیی ڕاگەیاندن) پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن بکات بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان سزا دەدرێت.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە



بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندام پەرلەمانی کوردستان تەمەنی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت. ئایا لەکاتی بوونی دوو پاڵێوراو یەکێکیان تەمەنی زیاتر لە پەنجا ساڵە، ئەوەی تریان تەمەنی بیست و پێنج ساڵە، دەنگ بەکام پاڵێوراو بدرێت باشترە؟ لەبەرچی؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



دووپاڵێوراو بۆ پەرلەمانی کوردستان یەکێکیان بەرنامەی هەڵبژاردنی کارکردنە بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستان، ئەوەی تریان بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی کارکردنە بۆ ناوچەیەکی دیاریکراوە و هۆزەکەی، دوای زانینی بەرنامەی کارکردنی هەردوو پاڵێوراو لە بانگەشەی هەڵبژاردندا، پێت باشە دەنگ بە کام پاڵێوراو بدرێت؟ لەبەرچی؟ بە شەش دێر لەسەر ئەم بابەتە بنووسە دوای گفتۆگۆکردن لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت.






### گەڕان

کەسێک بەشداری لە تاوانێک کردووە، پێت وایە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕێگە بەم کەسە دەدات خۆی کاندید بکات بۆ بوونە ئەندام پەرلەمان؟ ئاماژە بە ژمارەی مادە و یاساکە بکە بە سوود وەرگرتن لە ماڵپەری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان.

## دەرئەنجام

لــەم وێنانــەی خــوارەوە دەرئەنجامی ئــەوە دەکــەم، بۆ ئەوەی پرۆســەی هەڵبــژاردن بە شــێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوە بچێت، پێویســت دەکات پابەندی هەنگاوەکانی پرۆســەی هەڵبــژاردن بم.

١



خۆناساند بە کارمەندانی هەڵبژاردن

٢




لەشوێنی تایبەت بە نهێنی نوێنەری خۆم دیاری دەکەم

٣



دوای دیارکردنی نوێنەر، پەنجەم مۆر دەکەم

٤



دوای مۆرکردنی پەنجەم، کارتی دەنگدان دەخەمە ناو سندووقەوە

# مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن



## بیرۆکەی سەرەکی

کاتێک گەل لە دانان و دیاریکردنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەت و هەڵبژاردنی دەسەڵاتداران بەشدار دەبن، لە ڕێی بەشداربوونی سیاسییان، بەشداربوون لە هەڵبژاردن حاڵەتێکی تەندروستە، زۆر جاریش ئەرێنییە و کاریگەریی گەورەی لە بنیاتنانی کۆمەڵگە دەبێت، ئەگەر کۆمەڵگە بە شێوە دروستەکەی لێی تێبگات، بۆیە پێش ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن دەبێت ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە کەسەکاندا دەستنیشان بکرێن کە مافی دەنگدانیان دەداتێ، تا هەر کەسێک بتوانێت لە هەر هەڵبژاردن و ڕاپرسییەک دەنگ بدات.

## مەرجەکانی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

پێت باشە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، کە لە دەرەوە نیشتەجێن ناویان تۆمار بکرێت و مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان پێبدرێت؟ ئایا یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەو مافەی پێی داون؟



## بەهێزکردنی زانیاری

مەرجەکانی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن:

١- **ڕەگەزنامە:** هەموو هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان هەڵگـــری ڕەگەزنامە بێت، ئینجا دانیشـــتوی هەرێمی کوردستان بێت، یاخود دانیشتوی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت.

٢- **تەمەن:** دەنگدەر دەبێت لەو ساڵەی هەڵبژاردنی تیادا ئەنجام دەدرێت تەمەنی ١٨ ساڵ بێت.

٣- **شیاویی:** ئەو کەسەی دەنگ دەدات دەبێت لە ڕووی دەروونییەوە تەواو و شیاو بێت.

٤- **تۆمار:** دوای هەبوونی مەرجەکانی ســـەرەوە، پێویستە دەنگدەر ناوی لە تۆماری دەنگدەران تۆمار کرابێت.

**تێبینی:**

- هەر کەســـێ مەرجەکانی دەنگدانـــی تێدا بێت و ناوەکەی لـــە تۆماری دەنگدەران نەنووســـرابێت بۆی هەیە داوا بـــکات ناونووس بکرێت.
- ئەگـــەر دەنگـــدەر نەخوێندەوار بێت بۆی هەیە پشـــت بە کەســـێک ببەســـتێت بۆ پڕکردنەوەی پســـوولەی دەنگدانەکەی.
- کەس ناتوانێت لە جیاتی کەسێکی تر دەنگ بدات.
- پێویستە بۆ نابیناکان پسوولەی دەنگدان بە سیستەمی برایل چاپ بکرێت.

**ئایا دەزانی**

بەشـــداریکردن لـــە پرۆســـەی هەڵبژاردن وەکـــو پاڵێـــوراو، یاخود وەکـــو دەنگدەر بە بەشـــداریکردنی سیاســـی دادەنرێت.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە



له زۆربەی وڵاتانی جیهان له ناوەندەکانی خوێندن پەرلەمانی قوتابییان هەیە، ئەگەر هاتوو له قوتابخانەکەی تۆ بڕیاردرا پەرلەمانی قوتابییان دروست بکەن، تۆش یەکێک بیت لە پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکە، بەرنامەت چی دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی قوتابخانەکەت؟ به هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەته بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



دوای ئەوەی فێربووم مەرجەکانی دەنگدەر له هەرێمی کوردستان چین، خۆم تاقیدەکەمەوە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێنەری پۆل لە قوتابخانە، مەرجەکانی دەنگدەر چین لە قوتابخانە دیاری دەکەم؟ هەوڵیش دەدەم گونجاندنێک بکەم لە نێوان مەرجەکانی دەنگدەری هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و دەنگدەری هەڵبژاردنی قوتابخانە.

## گەڕان



ئایا دەنگدەری ئافرەت لە هەرێمی کوردستان هەمان مافی دەنگدەری پیاوی هەیە؟ له پرۆسەی هەڵبژاردن؟ ئەگەر یەکسانن ئاماژە بەو مادەیە بکە کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی پێکراوە؟ پێت باشە هەمان مافی هەبێت؟ لەبەرچی؟

## دەرئەنجام

لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم کێ مافی دەنگدانی هەیە، لەبەرچی؟



نەخۆشی دەروونی



پێشمەرگە



بەساڵاچوو



منداڵ

# یەکەی چوارەم

## مافی دەنگدان




### بیرۆکەی سەرەکی

مافی دەنگدان مافێکی مەدەنییە. دەنگدانیش چالاکی تاکە کەسە بە هەڵبژاردنی پاڵێوراوێک بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی لە دەستە هەڵبژێردراوەکان بکات، کە هەڵدەستن بە یاسا دانان یان لە هەندێک پۆستی خاوەن بڕیار، دەنگدانیش ئامرازێکی گرنگ و بنەڕەتییە، کە تاکەکان بە هۆیەوە کاریگەرییان لە سەر بڕیارەکانی حکومەت دەبێت.

مافی دەنگدان داهێنانێکی مرۆڤە، کە دەبێت زۆرینەی خەڵک تێیبگەن و درک بە ڕەهەندەکانی بکەن، چونکە یەکەم شت واتای یەکسانی لە نێو خەڵکدا دەچەسپێنێت، دووەمیش ئەوەیە کە پیادە کردنی بنەمای هاووڵاتیبوونە، کە ڕۆڵەکانی نیشتیمان کۆدەکاتەوە، دەنگ نەدان خۆ دزینەوەی هاووڵاتییە لە جێبەجێکردنی مافی هاووڵاتی بوون و دەستبەرداربوونی بە شێوەیەکی شاراوە.

### خەسڵەتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن




### بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

یەکێک لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بەشداری هاووڵاتییانە لە هەڵبژاردن، ئایا خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ئەو ئامادەییان تیادا بوو بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەن؟



## بەهێزکردنی زانیاری

**ئامانجی پرۆسەی هەڵبژاردن:**

١- **گشـــتیی بێت:** لە یەک کات و لە هەموو شوێنەکان پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت.

٢- **یەکسان بێت:** هەموو کەسێک بە بێ جیاوازی مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتنیان هەبێت.

٣- **نهێنی بێت:** پرۆسەی هەڵبژاردن بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ بێت.

٤- **بێگـــەرد و دادپـــەروەر بێت:** پێویســـتە پرۆســـەی هەڵبژاردن بە شـــێوەیەکی پاک و بێگـــەرد دوور لە ســـاختە بەڕێوەبچێت ، دادپـــەروەری تیادابێت.



### ئایا دەزانی

مافـــی دەنگدانی هاووڵاتـــی بە ئازادی و دوور لە دەســـتوەردان و بەرتیل و فشـــارکردن بە جوانترین سیمای سیستەمی دیموکراسی دادەنرێت.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە



لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پرۆسەی هەڵبژاردن بەرێوە دەچێت، ئینجا سیستەمی حوکمرانی ئەو وڵاتە دیموکراتی بێت یاخود دیکتاتۆری، چ کاتێک پرۆسەی هەڵبژاردن دیموکراسی دەبێت؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



دەنگدەر هەیە دەڵێت من دەنگ نادەم لەبەر ئەوەی دەنگی من هیچ کاریگەری نییە، یاخود دەڵێت هەڵبژاردن پێشوەختە یەکلاکراوەتەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی هەڵەیە چونکە ئەگەر دوو پاڵێوراو هەبوو پاڵێوراوی یەکەم (٣٠)دەنگی هێنا بوو، پاڵێوراوی دووەم (٢٠) دەنگی هێنابوو، کەچی (٥٠) دەنگدەر بایکۆتی دەنگدانیان کردبوو، ئەگەر هاتوو (١٥) دەنگدەر لەو (٥٠) کەسەی لەوانەی بایکۆتیان کردبوو بەشداری دەنگدانیان بکرادابایە و دەنگیان بە پاڵێوراوی دووەم بدابایە کە (٢٠) دەنگی هێنابوو، ئەنجامەکە چی بەسەردادەهات؟ ئێستا دوایی ئەم روونکردنەوەیە دەردەکەوێ هەموو دەنگێک کاریگەری لە پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە؟ ئامۆژگاریت بۆ خەڵک چیە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن؟ بە شەش دێر لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## گەڕان



بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، هەڵبژاردنە دیموکراسییەکان چارەسەرێکن بۆ ناکۆکییە سیاسییەکان بە شێوەی ئاشتییانە، چونکە ئامرازێکن بۆ گۆڕینی دەسەڵات بەبێ دروستبوونی گرژی لە نێوان لایەنەکاندا، نموونەی وڵاتێک باس بکە کە بە شێوازێکی دیموکراسیانە دەستاو دەستی دەسەڵاتیان لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا کردبێت؟

## دەرئەنجام

لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم، کامە جۆری پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ هاووڵاتیان باشترە لە کاتی هەڵبژاردندا؟



بایکۆتکردنی هەڵبژاردن



بڕیارم لە دەست خۆم نییە



گرنگیی هەڵبژاردن



وەرگرتنی بەرتیل

بەشی دووەم
٢

# مافەکان حوکمڕانی باش

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | حوکمڕانی باش |
| یەکەی دووەم | سەروەریی یاسا |
| یەکەی سێیەم | ڕوونکاری (شەفافیەت) |
| یەکەی چوارەم | ئاسایش و ئارامی |

ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨

## ئامانجی بەش

- بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە شێوازی حوکمڕانی باش.
- بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر سەروەریی یاسا و مافی مرۆڤ.
- فێربوونی مانای گەندەڵی و بەرتیل.
- ڕێزگرتن و خۆشەویستی بۆ کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس.

## زاراوەکان

- حوکمڕانی باش
- سەروەریی یاسا
- دیموکراسی
- ڕوونکاری
- گەندەڵی
- ئاسایش
- سەقامگیری



یەکەی یەکەم

# حوکمڕانی باش




## بیرۆکەی سەرەکی

**حوکمڕانی باش چییە؟**

بریتییە لە شێوازی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردنی ژیر و باش لە سەر ئاستی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی ڕوونکاری لە کەرتی گشتیی و تایبەتیی، هەروەها لێپێچینەوە لە کەمتەرخەمی و زۆرداری، و جێبەجێکردنی دادپەروەری کە هەموو کەس لەبەردەم یاسادا یەکسان بێت.

دەبێت حکومەت بە بەردەوام چاکسازی و نوێکردنەوە و داڕشتنەوە لە دامودەزگەکانی بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی ڕوونکاری لە کار بکات.




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان و فراوانبوونی کۆمەڵگەکان، وڵاتان گەیشتنە ئەو باوەڕەی بۆ داڕشتنی سیاسەتی وڵات و بەڕێوەبردنی کارەکانی حکومەت لە چوارچێوەی بەشداری کەرتی گشتیی و تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتیان پێویستیان بە حوکمڕانی باش هەیە.

# بەهێزکردنی زانیاری

## بنەماکانی حوکمڕانی باش

**١- سەروەریی یاسا:** دەبێت پیادەکردن و بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکومەت لەسەر بنەمای دادپەروەری و دەقی دەستوور و یاسا بێت.

**٢- بەشداریکردن:** پێدانی ڕۆڵی کارا بە کەسانی خاوەن بەرژەوەندی و پشکدار وەک کەرتی گشتیی و تایبەت و دەزگا ئەکادیمیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**٣- ڕوونکاری لە دەربڕین :** گرنگترین بنەمایە بۆ هێنانەدی و جێبەجێکردنی یاسای دامەزراوە حکومییەکان، لە ڕێگەی گرنگیی بەرجەستەکردنی سەرجەم زانیارییەکان بەوردیی و ڕوونی و نەشاردنەوەی هیچ زانیاریەک و ڕاگەیاندنی داتا داراییەکان و زانیارییەکانی تر بۆ خەڵک لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی کارکردن و شێوازی بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان لەکاتی پێویست.

**٤- کاریگەریی خزمەتگوزارییەکان:** ڕادەی ڕەزامەندی هاووڵاتیان لە جۆریەتی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان واتا تا چەند پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەلایان پەسندە.

**٥- توانا:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی بەکەمترین تێچوون و کات بەپێی پێوەرەکانی چۆنیەتی و شیاوی.

**٦- لێپێچینەوە:** ڕادەی بەردەستبوونی شێواز و لایەنێک کە هاووڵاتی بتوانێت پەنای بۆ ببات بۆ لێپێچینەوە لەو لایەنانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن لەو کاتانەی کە خزمەتگوزارییەکان وەک پێویست نابن.

**٧- وەڵامدانەوە:** کاردانەوەی لایەنی بەرپرس لەگەڵ پێداویستی و داواکاری و کێشەی هاووڵاتیان و سکاڵاکانیان بەبێ جیاوازیی لە نێوان چین و توێژەکان.

**٨- نەهێشتنی گەندەڵی:** ڕادەی بەرجەستەبوونی سیستەمێکی کارا بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەو دامودەزگا و لایەنەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن و هاویشتنی هەنگاوی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی وەکو بەرتیل و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

**٩- بەردەوامی :** توانای فەرمانگە حکومییەکان لە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی ئەویش لە ڕێگەی هاوسەنگی لەنێوان ئامانجە جۆراو جۆرەکان و بەرژەوەندییە کورت و مام ناوەندی و درێژخایەنەکان بە مەبەستی دابینکردنی مسۆگەربوونی توانا دارایی و مرۆییەکان و جێبەجێکردنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە ژینگە.

**ئایا دەزانی**

ئامانجی حکومەت لە پیادەکردنی حوکمڕانی باش لە کەرتی گشتیی و تایبەت بریتییە لە بەدەستهێنانی متمانەی هاووڵاتی لەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی دەکەن.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە




نەبوونی حوکمڕانی باش دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی داهات و سامان، چونکە بەهۆی گەندەڵی و کەمتوانایی کەرتی گشتی و تایبەتی، هاووڵاتیان سوودی تەواو لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان نابینن. هەروەها لێپرسینەوە لە فەرمانبەر و بەرپرسی کەمتەرخەم ناکرێت. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت تێڕوانینت لەسەر ئەم بابەتە ڕوونبکەوە.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



بۆ هەنگاونان بەرەو حوکمڕانی باش و باشترکردنی کارەکانی حکومەت و ئاسانکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان و هەروەها بۆ زیادکردنی ڕوونکاری لەکارەکاندا، پێویستە لەڕێگەی حکومەتی ئەلیکترۆنییەوە ئەم کارە ئەنجامبدرێت. تێڕوانینت چییە بۆ ئەم دەستپێشخەرییە بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕوونکاری؟



### گەڕان:

بەڕێوەبردنی مەرکەزی و لا مەرکەزی دوو شێوازی بەڕێوەبردنن هەردوو جۆر لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە. بەلای تۆوە بۆ پیادەکردنی حوکمڕانی باش کامەیان گونجاوترە؟

## دەرئەنجام

بەسەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی پیادەکردنی حوکمڕانی باش و بەڕێوەبردنی باش لە دامەزراوەکانی حکومەت دەکەم. بۆم دەردەکەوێت بۆ نەهێشتنی بەرتیل و ڕاپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیان بەشێوەیەکی گونجاو لەڕێگەی جەختکردنەوە لە چاودێری حکومەت بەسەر دامەزراوەکاندا و هەروەها بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی دێتە دی.



بەڕێکردنی کاروباری هاولاتیان بەشێوەی نەگونجاو



وەرگرتنی بەرتیل



بەڕێکردنی کاروباری هاولاتیان بەشێوەی گونجاو



بە جێبەجێکردنی حوکمڕانی باش ولات پێشدەکەوێت


## یەکەی دووەم



# سەروەریی یاسا

### بیرۆکەی سەرەکی

سەروەریی یاسا بنەمایە بۆ حوکمڕانیی باش، کە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە و دامەزراوە و پێکهاتەکان و هەروەها خودی حکومەتیش ملکەچ و بەرپرسیارن لە بەرامبەر یاسادا لە ڕێگەی دادگای سەربەخۆوە. دەبێت سەروەریی یاسا لەگەڵ پێوەرکانی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤدا بگونجێت.
هەروەها پێویستە بنەمای حوکمڕانی باش ڕێ و شوێنی تایبەت بگرێتەبەر بۆ گەرەنتی پەیوەستبوونی بنەماکانی سەروەریی یاسا و یەکسانی لە بەردەم یاسا و لێپرسینەوە لە کەمتەرخەمی و گەندەڵی، دادپەروەری لە جێبەجێکردنی یاسا و جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە.




### بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

سەروەریی یاسا و مافی مرۆڤ دوو چەمکی پەیوەستدارن بە یەکەوە و پشتگیری یەکتری دەکەن، بۆیە پێشێلکردنی هەریەک لەم دوو چەمکە ئاماژە بە نەبوونی حوکمڕانی باش دەکات و بە پێچەوانەوە. بۆچی؟

## بەهێزکردنی زانیاری

### چەمکی پەیوەندار بە سەروەریی یاساوە

**١- سەروەریی یاسا و مافی مرۆڤ :**

سەروەریی یاسا و مافی مرۆڤ دوو چەمکی تەواوکەری یەکترن، بۆیە ڕەگەزپەرستی و جیاکاریی و دەستبەسەرکردن بەبێ بەڵگەو بەبێ بڕیاری دادگا و ئەشکەنجەدان لە ڕووی یاسا و مافی مرۆڤەوە بە تاوان هەژمار دەکرێن.

**٢-سەروەریی یاسا و ئاسایشی مرۆیی :**

جەختکردنەوە لەسەر دابینکردنی پارێزگاریکردنی گونجاو و ڕاستەقینە بۆ هاووڵاتیان، چ وەک تاک یان کۆمەڵ، واتا دابینکردنی ژیانێکی ئارام و بێ توندوتیژی و ترس و تۆقاندن بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، بە ئاسایشی مرۆڤ دادەنرێت.

**٣- سەروەریی یاسا و دیموکراسیەت :**

دیموکراسی ڕاستەقینە تەنها بە سەروەریی یاسایەکی دادپەروەرانە، کە هەموو تاکەکانی نیشتیمان بگرێتەوە و گەشە دەکات. هەروەها بۆ هەر هاووڵاتیەک چ کەسێکی ئاسایی بێت یان لێپرسراو، پێدانی ماف و ئەرکەکانی دەستنیشان دەکات و هەموو سەرپێچییەکان دژ بە هاووڵاتیان بەپێی بنەمای تایبەت قەدەغەدەکات.

**٤- سەروەریی یاسا و دەسەلات :**

سەروەریی یاسا لە ناوەڕۆکدا سیستەمێکە بۆ پابەندکردنی دەسەڵات بۆ سنووردارکردن و ڕێگرتن لە زۆرداری و ناڕەوایی هەڵسوکەوتی خاوەن دەسەڵاتەکان هەروەها ڕووبەڕووی سزای یاساییان بکاتەوە.

**ئایا دەزانی**

ئەنجومەنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٦ ئازاری ٢٠١٥ بە بڕیاری ٢٨/١٤ سەکۆی بایەخدان بە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و سەروەریی یاسا دامەزراند. بە ئامانجی هاندانی وڵاتان بۆ زیاتر بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و سەروەریی یاسا.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە



هەمـــوو کـــەس لەبـــەردەم دادگادا یەکســـانن،
نابێـــت هیچ کـــەس لە ســـەرووی یاســـاوە بێت،
بەبـــێ جیاوازیـــی ئاینیـــی، نەتەوەیـــی، خێڵەکی.
بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



نابێـــت هیچ کـــەس بەبێ بوونـــی بەڵگە دەســـتبەســـەر بکـــرێت و نابێت هیچ کـــەس بەبـــێ بوونـــی بڕیـــاری دادگا بگیرێـــت، هەروەها نابێـــت تاوانبارکراو لە ژێر ئازار و ئەشـــکەنجەدان وتەی لێ وەربگیرێت یـــان دان بە تاوانەکانی بنێت، گرنگی ئەم بابەتە چییە؟ بە شـــەش دێر شـــیبکەوە.



**گەڕان:**

ئایا بۆچی ســـزا بۆ ئەو شوفێرانەی ســـەرپێچی یاسای هاتوچۆ دەکـــەن دانـــراوە.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە گرنگیی سەروەریی یاسام بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان و بڵاوبوونەوەی ئاشتی و ئارامی.


وەبەرهێنانی دەرەکی بەهۆی سەروەریی یاساوە


هەموو کەس یەکسانە لە بەردەم دادگا


دەبێت دادگا سەربەخۆ بێت


پێکەوەژیانی ئاشتییانە

# یەکەی سێیەم



## ڕوونکاری (شەفافیەت)

### بیرۆکەی سەرەکی

ڕوونـــکاری ئامرازێکـــە بـــۆ ئاشـــکراکردن و ڕاگەیانـــدن لـــە لایـــەن دەوڵەتـــەوە سەبارەت بـــە گشـــت چالاکییەکانـــی لـــە پلاندانـــان و جێبەجێکـــردن، هەروەهـــا دەبێـــت زانییـــاری تـــەواو و ڕوون و دروســـت بە هاووڵاتیـــان بدرێـــت و دەزگاکانی ڕاگەیانـــدن و ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مەدەنـــی و نێودەوڵەتـــی ســـەبارەت بە شـــێواز و بەرنامەی سیاسەتی گشـــتیی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە. جگـــە لەوەش ڕوونـــکاری یەکێکە لە گرنگتریـــن بنەماکانـــی حوکمڕانی باش، چونکـــە چەکی یەکەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی ســـامانی گشتیی و نەهێشتنی نایەکســـانی.




### بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

لەنێـــوان ڕوونـــکاری و گەندەڵی پەیوەندییەکـــی پێچەوانە هەیـــە، واتا نەبوونی ڕوونـــکاری هۆکارە بـــۆ ســـەرهەڵدانی گەندەڵـــی، بەپێچەوانەشـــەوە هەرکاتێک بنەماکانـــی ڕوونکاری هەبـــوو گەندەڵی کەم دەبێتـــەوە. بۆچی؟

## بەهێزکردنی زانیاری

### بنەماکانی ڕوونکاری لە بەڕێوەبردندا

**١- ژیریی لە خەرجکردندا** : کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی بەفیرۆدانی سامانی گشتی.

**٢- ڕێزگرتنی یاسا** : دەبێت هەموو کەس ملکەچی یاسا بێت بەبێ جیاوازی.

**٣- کارلێککردن لەنێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:** واتا پەیوەندیی نێوان حکومەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندییەکی ئەرێنی و دروستە. گرتنەبەری ئەم شێوازە مانای پێشکەوتنە لە ڕووی سیاسییەوە، کە ڕێگە بە کارکردنی ئەم ڕێکخراوانە بۆ چوونە ناو دەزگە و دامەزراوەکانی حکومی و چاودێریکردنی کارەکانیان دەدات.

**٤- ڕوونیی پێوانەکان (ڕوونی بنەمای کارکردن)** : دەبێت ڕێساکانی کارکردن ڕوون و ئاشکرابن، بۆ ئەوەی چەق بەستوو نەبن و هەروەها بتوانرێت گەشەیان پێ بدرێت و هەموار بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئاسان و کاریگەربن.

**٥- مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ میدیا** : ڕاگەیاندنی سەربەخۆ ئامرازە بۆ گواستنەوەی زانیاری بۆ هاووڵاتیان، بۆیە دەبێت ڕێز لە کارەکانیان بگیرێت و هەڵسوکەوتی تەندروست لەگەڵ کارمەندانی ڕاگەیاندن لەکاتی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بکرێت هەروەها دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەربڕینی بیروبۆچوونیان بۆ دەزگەکانی ڕاگەیاندن ئازاد بن.

**٦- توانای ڕووبەڕو بوونەوە:** واتا تا چەند بەڕێوەبەر و بەرپرسی فەرمانگەکان یان کۆمپانیاکان ئامادەن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن چاویان پێیان بکەوێت و گوێیان لێبگرن هەروەها کردنەوەی دەرگاکانیان بەڕووی هاووڵاتیان بۆ پێشکەشکردنی ڕەخنە و سکاڵاکانیان.

**ئایا دەزانی**

هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و خۆجێی و دامەزراوە حکومی و جیهانییەکان هاوڕان کە گەندەڵی گەورەترین گرفتی سەرەکییە لەبەردەم بواری چاکسازی.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە



بوونی ناپاکی و قۆرخکردنی پۆست، وەرگرتنی بەرتیل و چاوپۆشی کردن گرنگترین جۆرەکانی گەندەڵی بەڕێوەبردنن.

بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردانە چ بکرێت باشە؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



ئامانج لە پیادەکردنی ڕوونکاری بەدەستهێنانی بەرژەوەندی گشتییە، چونکە نەبوونی ڕوونکاری و نا ڕوونی لە دەقی یاسادا دەبێتە هۆی بڕیاردان و شرۆڤەی کەسی بۆ یاساکان کە ئەمەش لە بەرژەوەندی گشتیی نییە. بەپێچەوانەوە جێبەجێکردنی ڕوونکاری هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ بڕیاردانی تەندروست لە بەڕێوەبردن، بە شەش دێر گرنگیی ئەم بابەتە ڕوونبکەوە؟

**گەڕان:**




گزیکردن ( قۆپیەکردن) لە تاقیکردنەوە کارێکی خراپ و ناتەندروستە، چونکە لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر توانا و باوەڕ بەخۆبوونی ئەو کەسە دەبێت، کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە یان هەرکارێکی تر. بۆچی؟

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم کاری دروست و نادروست لێک جیا دەکەمەوە.



ڕەتکردنەوەی بەرتیل



وەرگرتنی بەرتیل



گزیکردن



وەڵامدانەوەی دروست

# ئاسایش و ئارامی



## بیرۆکەی سەرەکی

دابینکردنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری بۆ هاووڵاتیان بە گرنگترین بابەتی سەردەم پۆلێن دەکرێت. چونکە تاوانی وەک تیرۆری ئەلیکترۆنی (ئەو تاوانانەی لە ڕێگەی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێن) تیرۆر و ڕوودانی کارەساتی سروشتی و مرۆیی کاریگەریی لەسەر ژیانی ملیۆنەها کەس لەسەرتاسەری جیهاندا کردووە. بۆیە ئەم کێشەو پێشهاتانە لە پلەی یەکەمی بەرنامەی کاری سیاسەتمەدارەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و کۆمپانیاکان دێت. چونکە لەم سەردەمەدا کێشەی دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری زۆر ئاڵۆز و سەختە، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سەرجەم ئاستەکانی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی. ئەوەی زیاتر ئەم کێشە و پێشهاتانەی ئاڵۆزتر کردووە پێشوەچوونەکانی سیستەمی جیهانگیری (العولمة) و پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆجیا بەشێوەیەکی بەربڵاو، بۆیە چارەسەری و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی پێویستی بە هاوکاریی وڵاتان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە.

## وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
|---|---|---|---|
| وەزارەتی ناوخۆ | وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە | وەزارەتی داد | ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان |

## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

تیرۆر دیاردەیەکی سەردەمە، کە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکات. بۆچی؟ گرنگیی ڕۆڵی پێشمەرگە لە پاراستنی کوردستان هەڵبسەنگێنە؟

## بەهێزکردنی زانیاری

### ئامانجی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار بە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی

**ئامانجی وەزارەتی ناوخـــۆ:** لە ڕێگەی دامەزراوەکانی وەکو پۆلیس: پۆلیســی نەهێشــتنی تاوان، پۆلیسی هاتووچۆ، پۆلیســی بەرگری شارســتانی، پۆلیســی فریاکەوتن، یاســا بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی هێمن و ئــارام و دوور لە شــەڕو ئــاژاوە و ڕێگەگرتن و بەرەنگاربوونەوەی تاوان و تیرۆرســتان دەســەپێنێت، هەروەها پاراســتنی ســەر و ماڵی هاووڵاتیان، لەکاتی ئاســایی و نائاســاییدا لە ئەســتۆی ئەوە.

**ئامانجـــی وەزارەتـــی کاروبـــاری پێشـــمەرگە:** دامەزراوەیەکی ســەربازی نیشــتیمانییە ئامانجی پاراســتن و بەرگریکردنە لە ســنووری هــەرێمی کوردستان، هــەروەها پاراستنی گەل و دەســکەوتەکانیەتی لــە هەڕەشــەکانی دەرەوە و نــاوەوە بــە هاوکاریــی دامەزراوەکانی تــری حکومەت.

**ئامانجی وەزارەتی داد:** لە ڕێگەی ســەپاندنی یاســاکان بە شــێوەیەکی یەکســان و دادپەروەرانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بە مەبەســتی هێنانەدی ئاشــتی وئارامــی بۆ هاووڵاتیــان و پارێزگاریکردن لە ماف و موڵک و ماڵی دەوڵــەت و هاووڵاتیان.

**ئەنجومەنی ئاسایشــی هەرێمی کوردســتان:** ئامانجی دابینکردنی ئاســایش و ئارامی و پاراستنی ئاسایشی هەرێمــی کوردســتانە لەهەر کارێکی تاوان و تیرۆر و مەترســیدار، کە هەڕەشــە لــە هاوڵاتییانی هەرێم بکات و هەروەها نەهێشــتنی گەندەڵی و پاراســتنی ئاسایشی خۆراک.

**ئایا دەزانی**

دابینکــردن و هێنانــەدی ئاشــتی و ئارامــی بۆ هاووڵاتیــان بە گرنگترین دەســتکەوتی حکومــەت دادەنرێت.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە




لە هەرێمی کوردستان کاتێک دەزگەی ئاسایش یان پۆلیس داوای هەندێ زانیاری لە هاووڵاتیان دەکات بۆ نموونەی لەکاتی ماڵ گواستنەوە لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی تر خاوەن ماڵ دەبێت زانیاری نوێ بکاتەوە. بەڵام هەندێک لە هاووڵاتیان ئەمە بەشتێکی سیخوریکردن دەزانن. کە لە بنەڕەتدا ئەمە شتێکی ئاساییە بۆ پاراستنی ژیانی هاووڵاتیانە. بۆیە نابێت لە پێدانی زانیاری و یارمەتیدانی کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس سل بکەینەوە. چونکە ئەوان شەونخونی دەکەن بۆ دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و خۆش بۆ هاووڵاتیان. تێڕوانینی تۆ چییە لەسەر ئەم جۆرە کەسانە کە بەچاوێکی نامۆ سەیری دەزگای ئاسایش و پۆلیس دەکەن؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



بەشێوەیەکی گشتیی ئامانج لە دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بریتییە لە پاراستنی ژیانی هاووڵاتیان و دامودەزگەی گشتیی و تایبەتی لە هەر ڕووداو و مەترسییەکی نەخوازراو کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەشەش دێر ڕۆڵی کارمەندانی وەزارەتی ناخۆ لە پاراستنی ژیانی هاووڵاتیان و دابینکردنی ئاشتی و ئارامی ڕوونبکەوە؟



**گەڕان:**

دزینی داتا و زانیاری کەسی، یان هەڕەشەلێکردن و ناوزڕاندن لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە تاوانی ئەلیکترۆنی دەژمێردرێت. ئایا ئەم جۆرە مەترسیانە چ کاریگەرییان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەیە؟ ئایا چۆن خۆمانی لێی بپارێزین؟ هەڵسەنگاندنت بۆ ئەم بابەتە چییە؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری.

## دەرئەنجام

بەسەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم، کە بوونی کارمەندانی ئاســایش و پۆلیس و پۆلیسی بەرگری شارســتانی چەند گرنگە بۆ پاراستنی ژیانی هاووڵاتیان و یارمەتیدانیان. بۆیە دەبێت بەچاوێکی ڕێزو خۆشەویستییەوە سەیریان بکەین.



یارمەتی و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ منداڵان



پۆلسی بەرگری شارستانی لەکاتی کارکردن



پۆلیسی هاتووچۆ




پۆلیسی فریاکەوتن لەکاتی بەهانا وەچوونی نەخۆش

بەشی سێیەم
٣

# کارامەییەکان
# (کارامەییەکانی هەڵچوون)

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | بەڕێوەبردنی شڵەژان (توتر) |
| یەکەی دووەم | تووڕەبوون |
| یەکەی سێیەم | نیشانەکانی تووڕەبوون |
| یەکەی چوارەم | پێکهاتنەوە |

ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨



## ئامانجی بەش

١- ناسینی بنەماکانی هەڵچوون.
٢- پابەندبوون بە ڕێساکانی کارامەیی هەڵچوونەوە.
٣- پۆلێنکردنی هەڵچوونەکانی تاک.
٤- شرۆڤەکردنی هەڵچوونەکان بە پێی بنەمای زانستی.
٥- زانینی هەڵچوونەکان.
٦- لێکدانەوەی کارامەیی هەڵچوونەکان.
٧- بەراووردکردن لە نێوان هەڵچوونەکانی ئەرێنی و نەرێنی.
٨- هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پەروەردە لە کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان.

## زاراوەکان

شڵەژان
دڵەڕاوکێ
تووڕەبوونی ئەرێنی
هەستی نەرێنی
مۆرکی کۆمەڵایەتی
سازان
ناکۆکی
ململانێ

# یەکەی یەکەم



## شڵەژان


### بیرۆکەی سەرەکی

**شڵەژان (توتر) چییە؟**

زانایانی فسیۆلۆژی، شڵەژان بەوە دەناسێنن، کاردانەوەی جەستەیی بەرامبەر شتێکی ڕاستی یان خەیاڵی بێت. کەسانیتر دەیناسێنن بەوەی کاردانەوەی جەستەیی و سۆزی و هزرییە بەرامبەر بە پێداویستیەکانی ژیان و گۆڕانەکانی و شێوازی ئامادەیی جەستەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان و خۆئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی، بارودۆخی قورس. بە لێوردبوونەوەو ئاگاداربوون و بەرگەگرتن.

هەندێ بارودۆخ و ڕووداوی تایبەت هەن شڵەژانمان بۆ دەهێنن ولەوانەشە جۆراوجۆربن، بۆنموونە، ژاوەژاو، یان مەترسی جەستەیی وەک لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەخێرایی، تاقیکردنەوە، کار، پەیوەندی هاوسەرگیری ناتەواو، دانیشتنێکی ڕاهێنان، ئەرکی قوتابخانە...هتد.

کاتێک شتێک یان بابەتێکمان پەسند نییە و ڕەتیدەکەینەوە، ئەوە دووچاری شڵەژان دەبین یان شتێکمان ویست ودەستمان نەکەوت، یان بەرەخنەیەک کاریگەر دەبین و لەدوارۆژ دەترسین یان بەهۆی ڕابردووەوە دووچاری دڵەڕاوکێ دەبین.




### بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

سەرچاوەکانی شڵەژان کە لە ژیانی ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبنەوە زۆرن، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت بۆ باری دەروونی و جەستەیی و ڕەفتاری. بۆبەرەنگاربوونەی ئەم حالەتە پێویستیمان بە ڕاهێنانی بەردەوام هەیە، بۆ ئەوەی کاری ڕۆژانەمان بە دروستی جێبەجێبکەین لەگەڵ هاوپۆلەکانت بە هاوکاریی مامۆستای بابەت، میکانیزمی ئەو ڕاهێنانە بە خاڵ بنووسەوە.

## بەهێزکردنی زانیاری



**چۆن شڵەژان کەم دەکەینەوە؟**

١- گوێگرتن لە میوزیک.

٢- خوێندنەوەی کتێب.

٣- بە شیعر و پەخشان و وێنەکێشان یان بەگریان و پێکەنین خەمەکانمان دەردەبڕین.

٤- دەردەچین و چێژ لە سروشت وەردەگرین .

٥- کاری باخچە یان وردەکاری ماڵ وچاککردنەوە دەکەین.

٦- ئارەزوویەک ئەنجام دەدەین وەک خوێندنەوە یان مەلەوانی.

٧- بەشداری لە چالاکی ڕۆشنبیری وکولتووری یان وەرزشی دەکەین.

٨- چالاکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزان و هاوڕێ دەکەین.

٩- ڕاهێنانەکانی هەناسەدانی قووڵ و خاوبوونەوە دەکەین.

١٠- خەیاڵی ئاراستەکراو بەکاردەهێنین واتا بەخەیاڵ خۆمان دەبەینە ئەو شوێنانەی حەزمان لێیانە ئەویش هاوکاریمان دەکات لەهێوریی و خاوبوونەوە.

**ئایا دەزانی**

ئاستە بەرزەکانی شڵەژان بۆ تەندروستی جەستەیی و دەروونی و هزری و کۆمەڵایەتی مەترسیدارە و ڕێگە نادات ژیانێکی ئاسایی و ئاسوودەمان هەبێت.

## دەخوێنمەوەو وەڵام دەدەمەوە


لەم بارودۆخانەی خوارەوە دووردەکەوینەوە چونکە شڵەژانمان بۆ دەهێنن:

١– ئەگەر کاروباری ڕۆژانەمان زۆر پڕ بێت.

٢– دووركەوتنەوە لەوکەسانەی شڵەژانمان بۆ دێنن .

٣– دووركەوتنەوە لە گفتوگۆیەک شڵەژانمان بۆ بێنێت یان کەسانی تایبەت .

تێڕوانینی تۆ دوای زانینی ئەم بارودۆخانە چییە؟ بۆهەر بارودۆخێک نموونەیەک بهێنەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەت سوودت لێوەرگرتووە. بە هاوکاری مامۆستای بابەت ئەم چالاکییە ئەنجام بدەن.



## خۆم تاقیدەکەمەوە

چۆن خۆمان لەگەڵ بارودۆخی شڵەژان دەگونجێنین؟

١– باوەڕمان بەخۆمان دەبێت و جەخت لەسەر کردارە باشەکانی ژیان دەکەینەوە .

٢– ئەرێنی بیردەکەینەوە و بەگەشبینی لە ژیان دەڕوانین.

٣– لە ژیان و کردەوەکانماندا واقیعی دەبین و ڕەزامەند دەبین بەردەوام هەوڵدەدەین.

٤– گرفتەکان لە کاتی خۆیدا چارەسەردەکەین و ناهێلین کەڵەکە بن، چونکە ئەم کارە هەستێکمان دەداتێ بەوەی بابەتەکانمان کۆنترۆڵ کردووە و پتر باوەڕمان بەکارامەییەکانی خۆمان دەبێت.

بە هاوکاریی کەسێک لە خێزانەکەت و بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری نموونەیەک بۆخۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی شڵەژان بهێنەوە.



## گەڕان:

بەهۆی کێشە و گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە، کاریگەری شڵەژانمان لەسەرە، بۆچی؟

## دەرئەنجام

بە سـەرنجدان لەم وێنانـەی خـوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم کە شـڵەژان حاڵەتێکی دەروونی لـە ناکاوە .



هاوارکردن



نینۆک قرتاندن



ترسان



ژاوەژاو



# تووڕەبوون

## بیرۆکەی سەرەکی

لەبنەڕەتدا تووڕەبوون باش یان خراپ نییە، بگرە شێوازی دەربڕینی دەکرێ بە باش یان بە خراپ وەسف بکرێت. شێوازی دەبڕینی تووڕەبوون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، یان باش و گونجاو دەبێت و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەخۆت و بەرامبەرەکەت، یان نەگونجاو و خراپ دەبێت وەک هاوار بەسەرداکردن، تێکدان، ئازاردانی جەستەیی یان دەروونی...هتد، ئەمە لەلایەک.لە لایەکی دیکەوە دەکرێت توڕەبوونەکە بچەپێنرێت بەبێ ئەوەی دەرببڕدرێت. پەنابردن بۆ شێوازە خراپەکانی دەربڕینی تووڕەبوون، یان چەپاندنی دەبێتە هۆکاریٚ بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕێزی بۆ خۆی و بەرامبەرەکانی کەم ببێتەوە. هەروەها ئازاری خۆیان و خەڵکی دیکەش دەدات و دەبێتە بەربەست بۆ گەیشتن بەئامانجەکان. لێرەدا تووڕەبوون دەبێتە گرفت. لەتەمەنی منداڵیەوە فێری شێوازی دەربڕینی تووڕەبوون دەبێت لە گەورەکان، دەبینین شەڕدەکەن و هاوار دەکەن وادەزانین ئەوە شێوازی دروستی دەربڕینی تووڕەبوونە.




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

تووڕەبوون هەڵچوونێکی سروشتییە هەموو تاکێک ڕۆژانە بەهۆی وروژاندنی دەرەکی و ناوەکی خودی خۆی تووشی پەرچەکردار دەبێت، بۆ پاراستنی تەندروستی خۆمان، چۆن بەرەنگاری تووڕەبوون ببینەوە؟ بە هاوکاریی مامۆستای بابەت و بە بەشداری هاوپۆلەکانت گفتوگۆ بکەن.

## بەهێزکردنی زانیاری



شـــێوازەکانی بیرکردنـــەوەی نەرێنی کـــە دەبێتە هۆکاری تووڕەبوونمان:

- گشـــتاندن، تۆ هەرگیز گوێم لێناگریت و نرخی بیروبۆچوونەکانـــم نازانـــی، کـــەس نرخـــی کارەکانـــم لەبـــەر چـــاو ناگرێـــت، لەنـــاو خێزانـــەدا کـــەس ڕێـــزم ناگرێت...هتـــد
- سووربوون لەسەر تێڕوانینی خۆمان سەبارەت بە بابەتەکان، کاتێک بۆچوونەکانی ئەوانی دیکە و ڕاستییەکان لەگەڵ تێڕوانینەکانماندا ناگونجێت، تووڕەدەبین.
- بـــازدان بـــۆ بیرۆکـــەی نەرێنی، ئێمـــە دەزانین کەســـانی دیکـــە چۆن بیـــر دەکەنەوە و هەســـت بەچـــی دەکـــەن و ئەوان بـــە مەبەســـت تووڕەمـــان دەکەن.
- گەڕان بەدوای بابەتە بچووکەکاندا، ئەوانەی بێزارمان دەکەن و بیرنەکردنەوە لە شتە باشەکان ئەویش زیاتر تووڕەمان دەکات.
- گلەییکـــردن لە کەســـانی دیکە بەردەوام لەســـەر ئـــەو ڕووداوانـــەی دووچارمان دەبێـــت گلەیی لە کەســـانی دیکە دەکەین .

**ئایا دەزانی**

تووڕەبـــوون لـــە ئەنجامـــی فاکتـــەری دەرەکـــی وەک (کەســـێک، هەڵوێســـتێک، بارودۆخێـــک، شـــەڕکردن، وشـــەیەک...هتد) ڕوودەدات، یـــان فاکتـــەری ناوەکـــی وەک (بیرۆکەیـــەک، یادگاریـــی ڕووداوێـــک یـــان کەســـایەتی خـــۆت، نەخۆشـــی درێـــژ خایـــەن، تێکچوونـــی هۆرمۆنـــەکان) ڕوودەدات.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە

ئەگـەر کەسـێک توندوتیژیـم بەرامبـەر  بـکات مـن شـەڕ ناکـەم پێشـنیازی ئاشـتی بـۆ دەکـەم، ئەگـەر ڕازی نەبـوو، مـن هـەر بـەردەوام دەبـم لـە دەستپێشـخەریەکەم، مـن نامـەوێ هاوڕێیەکـەم تووڕەبێـت. بـە هاوکاریـی، مامۆسـتای بابـەت و لەگـەڵ هاوپۆلەکانـت گفتوگـۆ لەسـەر ئـەم بابەتـە بکـەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



چۆن کۆنترۆڵی تووڕەبوونم دەکەم:

- بەم شـێوازە خـۆم دەدوێنم ،(با هێـور ببمەوە، پێویسـت بـە تووڕەبوون ناکات، شـتێ ڕوودەدات، تووڕەبوونی بۆ چییە؟ دەتوانم بابەتەکە بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی چارەسەر بکەم).
- لەشوێنەکە دەردەچین .
- بارودۆخەکە پشتگوێ دەخەین ئەو کەسەی هۆکاری تووڕەبوونەکەیە.
- تاکو ژمارە (دە) دەژمێرین یان بەپێچەوانەوە دەژمێرین پێش ئەوەی هیچ کارێک بکەین.
- ئەرێنی بۆ خۆمان دەدوێین (فێری شتێکی تازە بووم لەسەر خۆم).
- وەرزشی ڕۆیشتنی خێرا یان ڕاکردن دەکەین.
- لەگـەڵ هاوڕێیـەک یان کەسـێک، کە متمانەمـان پێیەتی قسـە دەکەین، لەوانەیە وامـان لێبکات لە گۆشـەنیگایەکی دیکـەوە بڕوانینە بابەتـەکان و هێور ببینەوە.
- پاڵ دەکەوین و کاری شێلان دەکەین چونکە هەست بە گرژی ماسوولکەکان دەکەین .

دوای زانینـی ئـەم خاڵانـە تۆش بـە سـوود وەرگرتن لە سـەرچاوەکانی زانیاری سـێ خاڵـی تر بۆ کەمکردنـەوە و کۆنترۆڵکردنی تووڕەبوون بنووسـە.

### گەڕان:



تووڕەبـوون بـە سـەرچاوەیەک لـە سـەرچاوەکانی دەربڕیـن لـە ناخ دەژمێردرێـت، مرۆڤ زۆرجار پێداویسـتی جێبەجێنەکرا تـووڕە دەبێت. بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری، نموونەیەک لەو ڕووەوە باسبکە.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم بەشێوازی جیاواز دەتوانین کۆنترۆڵی تووڕەبوون بکەین .












# نیشانەکانی تووڕەبوون



## بیرۆکەی سەرەکی

کۆنترۆڵ نەکردنی تووڕەیی بە بەردەوامی مۆرکی نەرێنی لەسەر بوارە جۆاوجۆرەکانی ژیانمان بەجێدەهێڵێت وەکو:

١- تەندروستی جەستەیی: تووڕەبوونی درێژخایەن دەبێتە هۆکاری نەخۆشییەکانی دڵ و بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ و لاوازیی کۆئەندامی بەرگریکردن و شەونخوونی و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن.

٢- تەندروستی دەروونی: خراپ بەکارهێنانی وزەی ئەقڵی، سەختی لە وردبوونەوەو بیرکردنەوەی دڵەراوکێ، نەتوانینی بینینی لایەنە ئەرێنیەکانی بابەتەکان، نەتوانینی چێژ وەرگرتن لە ژیان...هتد. ئەنجامەکەشی خەمۆکی و شڵەژان و گرفتی دیکەی دەروونی دەبێت.

٣- مۆرکە کۆمەڵایەتیەکان: تووڕەیی درێژخایەن دەبێتە، هۆی لەدەستدانی ڕێزی هاوڕێ و دوورکەوتنەوەیان لێمان.




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

نیشانە دەروونییەکانی تووڕەبوون چین؟ جیاوازی چییە لە نێوان نیشانەی جەستەیی و ڕەفتاریی تووڕەبوون؟ بە هاوکاری مامۆستای بابەت ئەم بابەتە شیبکەنەوە.

## بەهێزکردنی زانیاری

**نیشانەکانی تووڕەبوون چین؟**

(ر. نوفاکۆ) مامۆستایەکی زانستیی دەروونی و ڕەفتاره کۆمەڵایەتییەکانە، سێ نیشانەی بۆ تووڕەبوون دیاریکردووە: ١– ئیدراکی (پەیبردن) ٢– سۆزیی (شڵەژان) ٣–ڕەفتاری (کشانەوەودژایەتی)

**نیشانەکانی تووڕەبوون بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:**

| نیشانەی جەستەیی | نیشانەی هزری (بیرکردنەوە) | نیشانەی ڕەفتاری |
|---|---|---|
| • خێرابوونی هەناسەدان.<br>• خێرابوونی ترپەی دڵ.<br>• گرژبوونی ماسولکەکانی شان و مل و شەویلاگ و سینگ و گەدە.<br>• هەستکردن بەگەرمی (گۆێچکەو دەموچاو) یان ساردیان.<br>• پەنجە تەقاندن.<br>• سیرەی ددان.<br>• سەرئێشان.<br>• ئارەقەکردن. | • بیرۆکەی خراپ و دژەکار بۆ نموونە، باشە دەبینی چی دەکەم، بێدەنگ نابم لە بابەتەکە، نرخی خۆی پێ نیشاندەدەم، ئەم بیرۆکانە کاریگەری خراپی لەسەر باوەڕبەخۆبوونمان هەیە.<br>• نەتوانینی وردبوونەوە(تەرکیز).<br>• پەلەکردن لە بیرکردنەوە.<br>• گشتاندن.<br>• بیرۆکەی ناعەقلانی. | • نائارامی و نەتوانینی دانیشتن بەهێمنی، خولانەوە و ڕۆیشتنی خێرا.<br>• دەنگ وردە وردە بەرزو تیژ دەبێت.<br>• دەست بە یەکتر کێشان.<br>• لێدانی شتێک. |

**ئایا دەزانی**

تووڕەبوون کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر تاک لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی هەیە، بۆیە دووركەوتنەوە لە سەرچاوەکانی تووڕەبوون کارامەیی پەیبردنە (ئیدراکیە) هەنگاوێکە بۆ سەرکەوتن لە ژیان .

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە

بەهۆی کێشـــەکانی ڕۆژانـــەوە دووچاری فشـــارێکی زۆری دەروونی و هزری دەبینـــەوە، کە کاریگەری خراپـــی لەســـەر ژیانمان هەیـــە، هەنگاوی دروســـت بۆ دەربازبـــوون یـــان کەمکردنەوەی ئەو فشـــارانە چییە؟ بـــە هاوکاری مامۆســـتای بابەت هەنگاوەکان باســـبکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



تووڕەبـــوون دۆخێکـــی هەڵچوونی نـــاوەوەی تاکە، کاریگەریی نەرێنی لەســـەر کەسایەتی تاک هەیە، لـــە ڕووی زانســـتییەوە نیشـــانەکانی تـــووڕەبـــوون بـــە ڕەفتارەکانمانـــەوە دیاردەبێت و بە شـــێوەیەکی نەرێنی کار لـــە پەیوەنـــدی کۆمەڵایەتیمان دەکات. لـــە ڕووی زانســـتییەوە کۆمەڵێـــک هەنگاو هـــەن، دەبنە هۆی کەمکردنـــەوەی تووڕەبـــوون. بە هاوکاری کەســـێک لـــە ئەندامانـــی خێزانەکەت و بە ســـوود وەرگرتن لـــە ســـەرچاوەکانی زانیاری چـــوار هەنگاو بـــۆ کەمکردنەوەی تووڕەبوون بنووســـە.



**گەڕان:**

بـــە گـــەڕان لـــە ســـەرچاوەکانی زانیـــاری و بـــە هاوکاریـــی کەســـێک لـــە ئەندامانـــی خێزانەکـــەت، نیشـــانەکانی تووڕەبـــوون بنووســـە.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم نیشانەکانی تووڕەبوون کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە.


تێکدانی تەندروستی


شەڕکردن


تێکدانی خێزان


تێکدانی دەروونی منداڵ

# پێکهاتنەوە ( التصالح )



## بیرۆکەی سەرەکی

جیاوازی لە بیروبۆچوونەکان و پێگەی دەسەڵات هۆکاری سەرەکین بۆ کێشەو ململانێ، ئەمەش بە شتێکی سروشتی لە ژیانی هەموو کەسدا دادەنرێت، بەڵام خاڵی سەرەکی لە پێکهاتنەوەدا قبووڵکردنی جیاوازییەکانە کە بریتیە لە پرۆسەی کرداری وەکو: دانوستان، سازان، ڕێککەوتن، پاراستنی مافەکانی یەکتری و کارکردن لە پێناوی کۆتایی هێنان بە ململانێ و کێشەکان لە نێوان لایەنە ناکۆکاندا. بۆیە ململانێ خۆی لەخۆیدا خراپ نییە ئەگەر ئەرێنی بێت، بەڵکو شێوازی مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی جیاوازیی دروست دەکات، چونکە هەموومان وەکو یەکتری بیرناکەینەوە.

### هۆکارەکانی سەرچاوەی ململانێ

- جیاوازیی گۆشەنیگا
- جیاوازیی پێگەی دەسەڵات
- بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان
- تێگەیشتنی جیاواز بۆ ڕێساکان
- کێشەی کۆن
- نەخۆشی دەروونی
- هۆکاری کۆمەڵایەتی

## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

پێکهاتنەوەی سیاسی لە چوار چێوەی پێکهاتنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێت ئەمەش پڕۆسەیەکی درێژخایەنە بۆ بەدیموکراسی کردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و ئاشتی، بە هاوکاریی مامۆستای بابەت بەراووردێک لە نێوان پێکهاتنەوەی سیاسی و پێکهاتنەوەی کۆمەڵایەتی بکە.

## بەهێزکردنی زانیاری



**سەرچاوەکانی ململانێ :**

١– جیاوازیی لە گۆشەنیگا لە ئەنجامی جیاوازیی ئامانج و هزر وبەهاو بیروباوەڕ و ئاستی هۆشیاری و ئامادەبوون و پێشبینی و پێگەی کۆمەڵایەتی و شارەزایی.

٢– بوونــی کێشــەی کۆن کە چارەســەر نەکــراون دەبێتــە ئەنجامی دڵەڕاوکــێ و ماندووبوون یــان دەبێتە هۆکاری کێشــەی دیکە.

٣– جیاوازیی لە پێگەکانی دەســەڵات، دەکرێت مامۆســتا یان باوک یان کەســێکی دیکەی خێزان پێشنیازێکی داهێنەرانەمــان ڕەتبکەنەوە و ڕێگەنەدانیــان وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ دەســەڵاتەکەی دەیبینێت.

٤– نەخۆشی دەروونی.

٥– بەریەککەوتنــی و بەرژەوەندییــەکان لــە نێــوان تاک یان گروپــەکان بەوەی جێبەجێکردنــی ئامانجێک ڕێگە بــە جێبەجێکردنی ئامانجــی دووەم نادات.

٦– هۆکاری کۆمەڵایەتی وئابووری وەک هەژاری و بێکاری.

٧– تێگەیشتنی جیاواز بۆ یاسا و ڕێساکان لە نێوان خێزان یان گروپی کاردا.

**ئایا دەزانی**

بەلێبوردەیی دەتوانین بەســەر کێشــە و ململانێکان زاڵ بین و یەکتری قبووڵبکەین.

## دەخوێنمەوە و وەڵام دەدەمەوە

لــە چەندیــن وڵاتی جیاواز لە جیهــان ناکۆکی و ململانێــی نەتەوایەتی و ئایینــی و مەزهەبی هەیە، زۆرجــار ئــەم ناکۆکییە شــەڕ و کوشــتاری لێکەوتۆتــەوە، چاودێران دەڵێــن بۆ چارەســەرکردنی ئەم ناکۆکیانــە مافی بڕیاردان و بەشــداریکردنە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هاوبەشــی سیاســی. ئەم کارەش لــە ڕێگــەی پرۆســەیەکی دیموکراســییەوە ئەنجــام دەدرێت، کــە بریتیە لــە هەڵبژاردن بــۆ بەیەکەوە کارکــردن بــە هەمــوو جیاوازییەکانــەوە. بــە هاوکاریی مامۆســتای بابەت و بــە ســوود وەرگرتن لە بنەماکانی پێکهاتنەوە وەکو (لێبوردەیی و ســازان و دانوســتاندن)، نموونەی وڵاتێک بهێنەوە چارەســەری ناکۆکیەکانیــان کردبێت، گفتوگۆ لەســەر ئــەم بابەتە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



بیر لەوە بکەوە لە کاتی بوونی ململانێ و ناکۆکی چۆن پلانی پێکهاتنەوە دادەنێت؟ ئایا جیاوازیی ئایین و ڕەگەز دەبێتە هۆی بوونی ناکۆکــی و ململانــێ؟ ئەمــە لەگەڵ یەکێــک لــە ئەندامانی ماڵــەوە گفتوگۆ بکــەن، دواتر بە ســوود وەرگرتــن لــە ســەرچاوەکانی زانیاری لەســەر پلانــی پێکهاتنەوە بە شــەش خاڵ بنووســە.



**گەڕان:**

یەکێک لە بنەماکانی پێکهاتنەوە چارەســەرکردنی کێشــە وململانێیەکان، ســازان و دانوســتاندنە. بــە ســوود وەرگرتــن لــە ســەرچاوەکانی زانیــاری نموونەیەکــی دانوســتان لە نێــوان لایەنی ناکــۆک بهێنەوە.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم پێکەوەژیان کاریگەریی سەرەکی لەسەر پێکهاتنەوە هەیە.



دانوستان



پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان



گفتوگۆکردن



سازان و ڕێککەوتن

بەشی چوارەم

٤

# بەهاکان دیموکراسی

| | |
|---|---|
| یەکەی یەکەم | پەیوەندی نێوان دیموکراسی و هاووڵاتیبوون |
| یەکەی دووەم | جۆرەکانی دیموکراسییەت |
| یەکەی سێیەم | تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی |
| یەکەی چوارەم | جێبەجێکردنی دیموکراسی |

ماوەی جێبەجێکردن

ژمارەی هەفتە ٤

ژمارەی بەشەوانە ٨

## ئامانجی بەش

١. زانیاری و شارەزایی دەربارەی دیموکراسی پەیدا بکات.
٢. پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و هاوولاتیبوون، بزانێت.
٣. ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاواز بگرێت.
٤. جۆرەکانی دیموکراسییەت لێک جیا بکاتەوە.
٥. بتوانێت دیموکراسی لە ژیانی ڕۆژانەدا جێبەجێی بکات.

## زاراوەکان

- دیموکراسی
- بەرپرسیارێتی
- ناوەندگیری
- سەندیکا
- ڕێنیسانس



# پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و هاوولاتیبوون

## بیرۆکەی سەرەکی

دیموکراسییەت لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانییە  لە دوو بڕگە پێکهاتووە. (دیمۆس) واتە گەل، (کراتۆس) واتا حوکم، بەمانای حوکمی گەل، یاخود دەسەڵاتی گەل دێت، واتە گەل خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات، گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە، هەر خۆی جۆری حوکمڕانی و سیستەمی باوی دەوڵەت هەڵدەبژێرێت. خودی گەل بنچینەی حوکمڕانییەتی دەوڵەتە ، هەر گەلیشە سەرچاوەی ئەو یاساییە، کە دەوڵەت ملکەچی دەبێت.

دیموکراسیەت بۆ یەکەمجار لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە کۆمەڵگەی یۆنانی و لە شاری ئەسینا بە شێوەیەکی سادە و ساکار سەریهەڵدا، ئەویش بۆ چینێکی تایبەت بووە، چونکە کۆمەڵگەی یۆنانی بەسەر چەند چینێک دابەش ببوو، چینی کۆیلە و چینی ئازاد، هەموو وەک یەک مافی سیاسییان نەبوو، چینی کۆیلەکان هیچ مافێکی سیاسیان نەبووە، چینی ئازادیش گەر نەگەیشتبوونایە پلەی هاوولاتی ئەوا مافی بەشداریکردنیان نەبووە، چینی کۆیلە و ژن و بێگانە مافی بەشداریکردنیان نەبووە، واتە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە ناوەخۆ و دەرەوە لە دەست توێژێک بووە. کەواتە هاوولاتیان بەشێوەیەکی یەکسان بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی حکومەتدا نەکردووە، ئەمەش پێچەوانەی دیموکراسییەتی ئێستایە کە ماف بە هەموو هاوولاتیانی وڵات دراوە لە چوارچێوەی یاسادا بەشداری سیاسی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بکەن.




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

هەموو مرۆڤێک بە ئازادی لە دایک دەبێت، پێویستە بە ئازادیش بژی.

## بەهێزکردنی زانیاری




بنەما سەرەکییەکانی هاووڵاتیبوون:

١. بنەمای مەدەنی: ئازادی تاکەکەسیی و ئازادیی بیـــروڕا دەربڕین و مافـــی خاوەنداریەتـــی و مافی دادپەروەری و دابینکردنی مافە شارستانییەکان لە دامەزراوە دادوەرییەکان.

٢. بنەمـــای سیاســـی: مافی بەشـــداریکردن لە ژیانی سیاســـی بەوەی کـــە هاووڵاتی لە ڕێگـــەی پەرلەمانەوە ڕەگەزێکی کاریگەری دەســـەڵاتی سیاســـییە.

٣. بنەمـــای کۆمەڵایەتـــی: هاووڵاتـــی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتـــی وەک (خوێندن و چاودێری تەندروســـتی و مافـــە ئابوورییەکان)ی بۆ دەســـتەبەر بکرێت.




**ئایادەزانی** بونیادنانی دیموکراسی بە مرۆڤی دیموکراسیخواز نەبێت بەدی نایەت.

## دەخوێنمەوەو وەڵام دەدەمەوە

### هاووڵاتیبوون و دیموکراسییەت

هاووڵاتیبـــوون هەمـــان ماف و ئەرک بەبـــێ جیاکاریی (ڕەگەزی، یـــان تایفی، ئایینی، پیشـــەیی، هزری، ڕۆشـــنبیری، حیزبـــی) یان هـــەر جیاوازیەکی دیکـــەی هەیـــە دەبەخشـــێتە هاووڵاتیانـــی. هاووڵاتیبوون بریتییـــە لە هەســـتکردنی مـــرۆڤ بە بەرپرســـیارییەتی بەرامبەر ئـــەو مافانەی هەیەتی و ئـــەو ئەرکانەش کـــە لەســـەریەتی بەرامبـــەر بـــە خـــاک و وڵاتەکـــەی. پێویســـتە خۆشـــی بوێت و ڕێـــز لـــە پیرۆزیی و ســـەروەرییەکانی بگرێـــت و خیانەتی لێنەکات و پارێزگاری لـــە هەموو ئەو دامـــەزراوە خزمەتگوزاریانەش بـــکات کە لـــە وڵات هەیە.

چ پەیوەندییـــەک لـــە نێـــوان هاووڵاتیبـــوون و دیموکراســـی هەیـــە، بە هاوکاریـــی مامۆســـتای بابەت و لەگـــەڵ هاوپۆلەکانـــت گفتوگۆ لەســـەر ئـــەم بابەتـــە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



کاتێ کەســـێک کە بە شێوەی پەناهەندە دەچێتـــە وڵاتێکی دیکە، مافـــی ئەوەی هەیە وەکو هاووڵاتییەکـــی ئـــەو وڵاتـــە مامەڵـــەی لەگـــەڵ بکرێت؟ ماف و ئەرکی ئەو کەسە چی دەبێت؟ بە شەش دێر ئەم بابەتە ڕوونبکەوە.

## گەڕان



چۆن دەتوانم ببم بە هاووڵاتییەکی دیموکراســـیی خواز؟ بە ســـوود وەرگرتن لە ســـەرچاوەکانی زانیاریی لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## دەرئەنجام

دوای سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم جیاوازیی زۆر لە ڕووی یەکسانی و مافی هاووڵاتیبوون لە نێوان هاووڵاتیانی وڵاتانی دواکەوتوو و وڵاتانی پێشکەوتوو هەیە.



شاری پێشکەوتوو



شارێکی وێران بەهۆی نائارامی



کۆبوونەوەی خاشاک




شاری پیشەسازی




# جۆرەکانی دیموکراسیەت

## بیرۆکەی سەرەکی

بەدرێژایی مێژوو چەمکی دیموکراسیەت گۆڕانکاری جۆراو جۆری بەسەردا هاتووە، ئەم چەمکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازیی هەبووە، سەرەتا لە یۆنان و شاری ئەسینا سەریهەڵدا، دواتر بە وڵاتانی دیکەشدا بڵاوبۆوە. ئەمڕۆ لە جیهان دوو جۆر دیموکراسی کاری پێدەکرێت، دیموکراسی ڕاستەوخۆ و دیموکراسی ناڕاستەوخۆ، لە سیستەمی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ هاووڵاتیان ڕاستەوخۆ کەسانێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات هەڵدەبژێردرێن، بەڵام لە دیموکراسی ناڕاستەوخۆدا بە شێوەی نوێنەری هەڵبژێردراو ئەرک و کارەکان بەڕێوەدەبات وەک نوێنەرانی پەرلەمان.




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

چەند جۆر دیموکراسی لە جیهان هەیە؟ گرنگیی چییە بۆ ژیانی ڕۆژانەمان، ئەم بابەتە بەهاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆی لەسەر بکەن.

## بەهێزکردنی زانیاری

گرنگترین جۆرەکانی دیموکراسی:

١. **دیموکراسی ڕاستەوخۆ:** شێوەیەکە لە شێوەکانی دیموکراسی بۆ دەنگدان لەسەر بڕیارە گرنگەکان، دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ ڕێگە بەسێ جۆر و شێوازی کاری سیاسی دەدات ئەوانیش (ڕاپرسی، داواکردن، دەستپێشخەری) نزیکترین شێوازی ئەم جۆرە دیموکراسیەتە لە سویسرا جێبەجێ دەکرێت.

٢. **دیموکراسی ناڕاستەوخۆ:** پێی دەگوترێت نوێنەرایەتی یان پەرلەمانی، گەل کەسانێک وەک نوێنەری خۆی بۆ فەرمانڕەوایەتی هەڵدەبژێرێ، گەل سەرچاوەی دەسەڵات دەبێت.

٣. **دیموکراسی نیمچە ڕاستەوخۆ:** لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کەسەکان هەڵدەبژێرن، بەڵام پەیوەندی لەنێوان دەنگدەر و کاندید هەر بەردەوام دەبێت، دەتوانن هەرکاتێ ویستیان نوێنەرەکە لاببەن و کەسێکی دیکە لە جێگەی دابنێنن، دەتوانن بڕیار یان یاسا بخەنە بەردەستی میللەت بۆ دەنگدان بە بەڵێ یان نەخێر.

٤. **دیموکراسی ناوەندگیری:** ئەم جۆرە دیموکراسیەتە لە سیستەمی فرە حیزبیدا کاری پێدەکرێت، کاتێ دەیانەوێ کەسێک بۆ سەرۆکی حکومەت دابنێن لایەنە سیاسییەکان لەنێوان خۆیان ڕێکدەکەون کەسێک بۆ ئەو پۆستە دابنێن.

**ئایا دەزانی**

نوێنەرانی گەل لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ خەڵک بەرپرسیارن.

## دەخوێنمەوەو وەڵام دەدەمەوە

لــەم ڕۆژگارەدا پرۆســەی دیموکراســییەت پرۆســەیەکی گرنگــە لە زۆربــەی وڵاتان پەیــڕەو دەکرێت، بــەڵام لــەم ڕۆژگارە ناتوانــرێ دیموکراســی ڕاســتەوخۆ بــۆ بەڕێوەبردنی وڵات جێبەجــێ بکرێت! بە هاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## خۆم تاقیدەکەمەوە



ئایا پەرلەمان بە دەزگەیەکی گرنگیی وڵات دادەنرێ؟
گرنگیی پەرلەمان بۆ پرۆسەی دیموکراسیدا چییە؟
بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری، یاخود بەهاوکاریی کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەت، بە شەش دێر لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.

## گەڕان



کام جــۆر لە دیموکراســیەت بــۆ بەڕێوەبردنــی وڵات گونجاوترە؟ بــە ســوود وەرگرتــن لەســەرچاوەکانی زانیــاری لەســەر ئــەم بابەتــە بنووســە.

## دەرئەنجام

دوای بەراووردکردنی وێنەکانی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم هاووڵاتیان چەندین مافی جۆربەجۆریان هەیە.



مافی چاودێری تەندروستی



مافی دەنگدان



مافی خۆپیشاندان



مافی ڕا دەربڕین


یەکەی سێیەم

# تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی



## بیرۆکەی سەرەکی

لە سیستەمی دیموکراسیدا میللەت لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی گشتییەوە نوێنەری خۆی بۆ دەسەڵات هەڵدەبژێرێت، ئەوانەی زۆرینەی دەنگی هاووڵاتیان بەدەست دێنن دەسەڵات بەڕێوە دەبەن، ئەم سیستەمە پەیوەندیی بە لایەنی ئایینی و ڕەگەزیی هاووڵاتیانەوە نییە. ئەم سیستەمە بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان پێکهاتە و تاکەکان هەموو ئازادییە گشتییەکان بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر دەکات، وەک (ئازادی ڕادەربڕین و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەگەری و مافی نارەزایی دەربڕین)، لەم سیستەمەدا دەوڵەت بەشێوەی یاسایی ڕێز لە مافی هاووڵاتیان دەگرێت و یەکسانییان بۆ دابین دەکات و هەوڵ بۆ دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدات و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لێک جیا دەکاتەوە. هەروەها کار بە بنەما دەستوورییەکانی وڵات دەکات و لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا لەڕێگەی دادگاوە چارەسەری دەکات.




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

بنەمای یەکسانی و دادپەروەری یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی پرۆسەی دیموکراسی، بۆچی لە هەندێ وڵاتان ئەم بنەمایە پێشێل دەکرێت؟ بەهاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

## بەهێزکردنی زانیاری

**مافە دیموکراسییەکان چین؟**

**١. ئـــازادی ڕادەربڕیـــن:** یەکێکــە لەمافە ســەرەکییەکانی مرۆڤ کە هەمــوو ئایینە ئاســمانیەکان ئاماژەیان پێــداوە، دواتر لــە لایەن چەندیــن ڕێکخراو و دامــەزراوە نێودەوڵەتییــەوە دیاریکراوە، ئــازادی ڕادەربڕین گرنگتریــن ئازادییە بــۆ ئەوەی مرۆڤ گوزارشــت لە بیروبــاوەڕ و بۆچوونەکانی ژیانــی خۆی بکات.

**٢. مافی خۆپیشــاندانی ئاشــتیانە:** ئەوەش یەکێکــە لەو مافانەی مرۆڤــەکان هەیانە بــۆ ناڕەزایی دەربڕین لــە بەرامبــەر بڕیارێک، یــان کارێک کە لە قازانجــی کۆمەڵێک دەســتەیەک یان توێژێکــی کۆمەڵگە نییە، هەنــدێ جاریش خۆپیشــاندان پشــتگیریکردنە لە هەڵوێســتێکی نەتەوەیی یــان نێودەوڵەتی.

**٣. مافــی ئازادی دروســتکردنی ســەندیکا لەگەڵ کەســانی دیکــە:** تاکەکانــی کۆمەڵگە مافی دروســتکردنی ســەندیکاو ڕێکخــراو و کۆمەڵــەی تایبەت بە پســپۆڕی پیشــەیی، یــان ڕێکخراوەییــان هەیە.

**٤. مافــی بەشــداریکردن لــە بەڕێوەبردنــی کاروباری گشــتی:** هەموو تاکێــک مافی ئەوەی هەیە بەشــداری لــە بەڕێوەبردنــی کاروبــاری کۆمەڵگە بــکات، چ بەشــێوەی ڕاســتەوخۆ یان بــە شــێوەی نوێنەرایەتی ڕەخســاندنی دەرفەت بۆ بەشــداریکردن.

**٥. مافــی بەشــداریکردن لە هەڵبــژاردن:** هەموو تاکێــک بەگوێرەی مــەرج و بەپێی ڕێنمایــی دیاریکراو بە بــێ جیاوازیــی نەتەوەیــی و ڕەگــەزی و ئایینی، بە شــێوەی نهێنــی، بە ئــازادی دوور لە هەر گوشــار و توندوتیژییەک، مافــی ئــەوەی هەیــە خۆی کاندیــد بکات بــۆ هەڵبژاردنەکان.

**ئایا دەزانی**

ڕۆشــنبیریی سیاســی کاریگــەری گــەورەی لــە ســەر سیســتەمی سیاســی بەتایبەتــی ژیانــی سیاســی گشــتیی دەبێــت.

## دەخوێنمەوەو وەڵام دەدەمەوە

مافی ڕادەربڕین یەکێکە لە مافە سەرەکییەکانی هەموو مرۆڤێک، سیستەمە دیموکراسییەکان ئەو مافە بۆ هاووڵاتیان دابین دەکەن. بەهاوکاریی مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.



## خۆم تاقیدەکەمەوە

هاووڵاتیبوون مافێکی ڕەوای هەموو تاکێکە، گرنگترین بنەماکانی هاووڵاتیبوون چین؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری یان ئەندامێک لە خێزانەکەت بنەماکان بژمێرە.



## گەڕان

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵیان چییە لە بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسیی لە وڵات؟ بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.



## دەرئەنجام

دوای سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە، دەرئەنجامی ئەوە دەکەم هەموو وڵاتێک یاخود ڕژێمێک پەیڕەوی پڕۆسەی دیموکراسی ناکەن.



وێنەی توندوتیژی دژ بە هاووڵاتیان



هەژاری بەهۆی نادادپەروەری



ئاوارەبوون



مافی ڕا دەربڕین



# جێبەجێکردنی دیموکراسیەت

## بیرۆکەی سەرەکی

دوای ئەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە دیکتاتۆر و چەوسێنەرەکان بە چەندین ئاستەنگ و نەهامەتیدا تێپەڕی، لە سەرەتای چاخی نوێ لە ئەورووپا جوڵانەوەیەک لەژێر ناوی بوژانەوەی ڕووناکبیری (ڕینسانس) سەری هەڵدا، کە لەلایەن ڕۆشنبیران و بیرمەندانەوە سەرکردایەتی دەکرا، بۆ ڕزگاربوونی گەلان لە ژێر چەپۆکی ستەمی سیاسی و ئایینی و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی حوکمڕانی دیموکراسی کە تێیدا هەموو مافە تایبەتییەکانی میللەتان بەدی بێنێ.

## ئامانجی دیموکراسی




## بیردەکەینەوە و گفتوگۆ دەکەین

مافی تاکەکەسی یەکێکە لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ. بە هاوکاریی مامۆستای بابەت گفتوگۆ لەسەر بابەتی مافی تاک لە سیستەمی دیموکراسی و سیستەمی دیکتاتۆری بکەن.

## بەهێزکردنی زانیاری

جیاوازیی نێوان سیستەمی دیموکراسی و سیستەمی دیکتاتۆری چییە؟

| دیموکراسی | دیکتاتۆری |
| --- | --- |
| ١. دەسەڵات لە دەست خەڵکە. | • دەسەڵات لە دەستی تاکە کەسێکە. |
| ٢. هەڵبژاردنی ڕاستەقینە پەیڕەو دەکرێت. | • هەڵبژاردن بەساختەکاری دەکرێت. |
| ٣. فرە حیزبی لە وڵات هەیە. | • تەنیا یەک حیزب وڵات بەڕێوە دەبات. |
| ٤. ڕادەربڕین بەشێوەیەکی یاسایی پارێزراوە. | • ئازادی ڕادەربڕین نییە. |
| ٥. یاسا سەرووەرە. | • سەرووەریی بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەواکانە. |




**ئایا دەزانی** لە وڵاتی دیموکراسی گەل بەشداری کاریگەری هەیە لە جێبەجێکردنی دەسەڵات.

## دەخوێنمەوەو وەڵام دەدەمەوە

دەستوور کۆمەڵی ڕێسایە لە بەڵگەنامەیەکدا تۆمارکراون، یاخود کۆمەڵێ ڕێسای یاسایین پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەوە بەشێوەی نووسراوە یان نەنووسراو بە مەبەستی پێکهێنان و پاڵپشتیکردن و ڕێکخستنی و جێبەجێکردن.

ئایا هەرێمی کوردستان دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە؟ بە هاوکاری مامۆستای بابەت و لەگەڵ هاوپۆلەکانت گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە بکەن.



## خۆم تاقیدەکەمەوە

کاتێ کێشەیەکی یاساییم هەبێت، پەنا بۆ دادگا دەبەم.

چونکە دادگا یەکێکە لە دامەزراوە یاساییەکانی وڵات، ئایا لە وڵاتانی دواکەوتوو گرنگیی بە دادگا دەدرێت؟ بە شەش دێر لەسەر ئەم بابەتە بنووسە.



## گەڕان

بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری جیاوازیی لە نێوان کاری پەرلەمان و کاری حکومەتدا بکە.

## دەرئەنجام

بە سەرنجدان لەم وێنانەی خوارەوە دەرئەنجامی ئەوە دەکەم دیموکراسی بە چەند شێواز و ڕێگەیەکی جیاواز جێبەجێ دەکرێت.



پێشێل نەکردنی مافەکان



بەشداریکردن لە کۆمەڵگە



ئازادیی ڕا دەربڕین



پێشێل نەکردنی مافی کەس لە دەنگدان


ژینگەیەکی پاك ..
ژیانێکی تەندروست


هەموومان لە بەرامبەر پاراستنی
ژینگەدا بەرپرسیارین

## پارێزگاریی لە تەندروستی دڵت بکە..
## تەندروستیت جێگەی بایەخمانە.



چۆن پارێزگاری لە تەندروستی دڵ بکەین؟

- وەرزشکردنی ڕۆژانە.
- خواردنی خۆراکی تەندروست.
- نەکێشانی جگەرە.
- نووستنی پێویست.
- کەمکردنەوەی کێش.
- کۆنترۆلکردنی شلەژان.

**بە وەرزشکردن و خۆراکی تەندروست**
**ژیانێکی ئاسوودە دروست دەکەین**



دڵی
تەندروست



دڵی
ناتەندروست

# تۆ خاوەن بڕیاری


ڕەفتاری
نەشیاو
ڕێزگرتن لە پۆلیسی هاتوچۆ
ڕێزگرتنە لە یاسا


هێماکانی هاتوچۆ
تێپەڕگەی ئازاد (بەلای ڕاست و چەپ)دا
بەلای ڕاستی ئەو هێمایەدا بڕۆ
بەلای چەپی ئەو هێمایەدا بڕۆ
یەکگرتنی سایدەکان
یەکگرتنی سایدەکان
یەکگرتنی سایدەکان
پێشڕەوی بۆ تۆیە
ئاراستەی جوڵانەوە لە گۆڕەپاندا
گۆڕانی سایدێک بۆ دووان
بە بەستنی پشتێنی دڵنیایی پارێزگاری لە ژیانت بکە



بەهیزکردنی بیرەوەری
کەمکردنەوەی ئاستی خەمۆکی
زیادکردنی زانیاری
بەهێزکردنی بیرەوەری
کەمکردنەوەی
پەستانی دەروون
بەهێزکردنی زمانەوانی
گەشەکردنی تواناکان
ئارامیی و چێژ بەخشین
سوودەکانی
خوێندنەوە

## جیهان بە خوێندنەوە گەشە دەکات



## خاوەنی کتێبخانەیەك بیت
## واتە خاوەنی هەزار مامۆستایت



قوتابی خۆشەویست:
ئایا دەزانیت بە گفتوگۆکردنی ئەم کتێبانەی کە دەیخوێنیتەوە لەگەڵ هاوڕێکانت قۆناغ بە قۆناغ هانت دەدا بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنەوە.




# ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام






# ١٤

## ئامانجی چواردەیەم
## ژیان
## لە ژێرئاودا



ئامانجەکانــی پەرەپێدانی بەردەوام دەیەوێت بە شـێوەیەکی بەردەوامی پێدراوانە ژینگەی ئاوی و کەناراویەکان بەڕێوەببات و بپارێزێت لە پیسـبوون، باشـترکردنی پارێـزگاری و بەکارهێنانێکی بەردەوامیپێدەری سـەرچاوە زەریاییەکان لەڕێی یاسای نێودەوڵەتیەوە تا ساڵی ٢٠٣٠.

# ١٥

## ئامانجی پازدەیەم
## ژیان لەسەر
## وشکانی



ئامانجەکانــی پەرەپێدانی بەردەوام دەیەوێت بەکارهێنانی ژینگـەی وشـکانی وەکـو دارسـتانەکان و زەویـە تـەڕەکان و زەویە وشکەکان و شاخاکان بپارێزێت و بخاتەوەگەڕ و ڕاگرتنی پاکتاوکردنی دارستانەکان گرنگە بۆ کـەمکـردنـەوەی کاریگـەریی گۆڕانکـاری کەشوهەوا تا ساڵی ٢٠٣٠.

unicef

ئەم پرۆگرامە بە سپۆنسەری

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان ( یونیسێف ) ئامادەکراوە